www.mafname.com



# کۆیاسای حەموراپی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە[1]: قارەمان کەریمی[2]

---

[1] - دەقی سەرەکی پێوەر بۆ ئەم وەرگێڕانە ئەمەیە:

Babylonian and Assyrian Laws, Contracts and Letters, by C. H. W. Johns, in 1904

کە دەتوانن لەم لینکەی خوارەوە بیبینن:

http://avalon.law.yale.edu/subject_menus/ancient.asp

[2] - ماستەر لە مافی سزادانەوە و تاوانناسی

**پێشکەش بە**

**مامۆستا *شاسوار هەرشامی***

**بە هۆی ڕووخۆشی و هەردەم وەڵامدانەوەی پرسیارە زۆرەکانی منەوە سەبارەت بە وشە کوردییەکان**

***هەروەها***

***مامۆستا دیاکۆ هاشمی***

**وەکو دیارترین مامۆستای زمانی کوردی**

***و هەروەها***

***هەمو فەرهەنگنوسانی کورد***

www.mafname.com

### کورتەباسێك سەبارەت بە کۆیاسای حەمورابی[1]

حەمورابی پاشایەك بو کە شکۆمەندییەکی تایبەتی دا بە بابل (بابیلۆنی) و یەکەم گەورەشاری جیهانی دروست کرد. زۆربەی فەرمانەکانی (کارەکانی) حەمورابی (١٧٩٥پ.ز- ١٧٥٠ پ.ز) هێشتا پارێزراون و ئێمە ئەمرۆ دەتوانین لە ڕێگای کۆیاسا بەناوبانگەکەیەوە، نازناوی یاسادانەرێکی ژیر بەم پاشا پایەبەرزە بدەن.

بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆنترین نمونەی یاسایەك کە لە چوارچێوەی دەقێکی یەکدەستی یاسایی بۆ ڕای گشتی خەڵك بڵاو کراوەتەوە ئەوەیە کە دەستەبەندییەکی ڕێکوپێکی هەیە و دەبوایا هەمو کەس بیخوێندابایاوە و هەر شتێك پێوەندی بەو کەسە هەبوایا مەشیا بیزانیبایا. ئەم کۆیاسایە لە سەر ستونە بەردێکی ڕەش  بە بەرزایی هەشت پێ (نزیکی ٢٫٥ میتر) لە ٣٤ رز بە ڕێنووسی بزمارین (میخی) و بە مەبەستی خوێندنەوەی لە لایەن خەڵکەوە نوسراوە . ئەم بەردە گرنگە لە ساڵی ١٩٠١ زایینی و بەڵام نە لە بابل بەڵکو لە یەکێك لە شارەکانی شاخێکی ئێران (بەشی عەرەبستانی ئێران) واتا شاری مێژویی شوش دۆزرایەوە کە ئاماژەیەکە بەوەی داگیرکەران لە سەرکەوتنەکانیاندا هێناویانە بۆ ئەو شوێنە. ئەم کۆیاسایە بە ئاماژە بە ناوی خواوەندەکانی بابلەوە دەست پێدەکات و کۆتایی پێدێت.

ئەم کۆیاسایە لە ڕێگای بڕگەگەلێکی ڕون و دیاریکراو، پێکهاتەی کۆمەڵگای ڕێسامەند دەکرد. دادوەرێك کە لە دۆزینەوەی ئەنجامی بابەتێك بە پێی یاسا توشی هەڵەی گەورە ببێت ئەوا بۆ هەتاهەتایە لە کۆرسییەکەی دور دەخرێتەوە و بە قورسی پێبژێر دەدرێت. شایەتگەلێك کە شایەتی درۆ دەدەن دەبێ بکوژرێن. هەروەها هەمو جۆرەکانی تاوانگەلی گەورە بە کوشتن سزا دەدرێن. تەنانەت ئەگەر پیاوێك خانوویەکی ناڕیکی خاس کردبایا و ڕوخایا و لە ئاکامی ئەم ڕووخانە، خاوەن خانووەکە بمردایا، لە بەرامبەریدا نژیاروانەکە دەکوژرا. ئەگەر کوڕی خاوەن خانووەکە بمردایا، لە بەرامبەریدا کوڕی نژیاروانەکە دەکوژرا. ئێمە لەم کۆیاسایەدا دەتوانین ببینین کە یەهودییەکان (سامییەکان) بنەمای بەرامبەری سزایان (چاو لە بەرامبەری چاویان) لە کوێ هێناوە. ئەم جۆرە سزا ترسناکە هاوسەنگانە (قیساسییانە) هیچ جۆرە بەخشین یان هاوێرەیێکیان تێدا نەبو بێژگە یەکدانە هاوێرەی بەرچاو و گرنگ ئەویش کاتێك گومانبار دەیگوت بیخەنە ناو ڕوباری فوراتەوە (بە مەبەستی داوەری خوایی) و ئەو کاتیش مەلەوانی هونەرێك نەناسراو بو و ئەگەر شانس ئەو کابرایە ببردایا بۆ لێواری ئاوەکە ئەوا بێتاوان دەردەچو و ئەگینا بە تاوانباریان دەزانی. هەرچەندە ئەمرۆ بڕوا بە دادپەروەری خواوەند ڕەنگە تا ڕادەیێك منداڵانە بنوێنێت بەڵام ئەو کات بڕوایەکی پتەو بەم جۆر دادپەروەییە لە ناو مێشکی خەڵکدا هەبو.

---

[1] - ئەم بەشە وەرگێڕانی بەشێکی کەم لە پێشەکییەکە کە دوکتور "چارلز- ئێف- هۆرن" سەبارەت بە کۆیاسای حەمورابی نوسیویەتی و ئەڵبەت لە کاتی وەرگێڕاندا هەندێك دەستێوەردانی زۆر کەمی تێدا کراوە. ئەم کورتەباسە لەم لینکەی خوارەوە وەرگیراوە:
http://avalon.law.yale.edu/ancient/hammint.asp

لە کۆتاییدا ئەم کورتەباسەدا گرنگە بزانین کە کۆیاسای حەموڕابی لە ڕاستیدا یەکەمین کۆیاسا نییە و بەڵکو کۆنترین کۆیاسای دۆزراوە کۆیاسا کۆنترەکان لە ناو چوون.

www.mafname.com

# دەقی کۆیاساکە

*پێشەکی:*

کاتێك "ئانوی پایەبەرز"[1]، پاشآی خواکانی "ئانوناکی"[2] و "بێل"[3]، گەورەی بەهەشت و زەوی، ئەو کەسەی چارەنوسی[4] زەوی دیاری دەکات، دەسەڵاتدارەتی بە سەر خەڵکانی زەوی دا بە "مەردوك"[5] کوڕە سەروەرەکەی "ئێئا"[6] خواوەندی چاکەکاری[7] و کردی بە سەروەری خواکانی "ئیگیگی"[8]؛ ئەم خوایانە شاری "بابیلۆن"[9] (بابل)یان بانگ کرد (وەکو پایتەخت هەڵیانبژارد) و کردیان بە گرنگترین شوێنی جیهان و پاشایەتییەکی هەتاهەتاییان لەناویدا دامەزراند کە کۆڵەکەکانی بە ئەندازەی کۆڵەکەکانی بەهەشت و زەوی پتەون؛ دوای ئەوە، "ئانو"[10] و "بێل"ناوی منیان بانگ کرد، "حەموڕابی"، پاشای دورەپەرێز، خواترس وەرە بۆ هێنانی چاکەکاری لە زەوی و ڕووخاندنی خراپە و نادروستی، تا دەسەڵآتدار، هەژار نەچەوسێنێتەوە و بەم هۆیەوە من دەبێ وەکو "شەمەش"[11] دەسەڵآتداری بکەم بە سەر خەڵکی سەرڕەش و زەوی ڕووناك کەم و بەختەوەری مرۆڤ زۆرتر کەم. من پاشا حەموڕابیم ئەو کەسەی "بێل" هەڵیبژارد، "نیپور"[12] و "دور-ئیلو"[13] دەوڵەمەند دەکەم و دەوڵەمەندی تێدا زۆر دەکەم، دەبم بە گەورەترین پارێزەری پەرسگەی"ئی-کور"[14]ئەو کەسەی کە شاری "ئێریدو"[15]ی زیندو کردەوە و سکالا کردنی پەرسگەی "ئی-ئاپسو"[16]ی پالاوت؛ ئەو کەسەی چارەکێکی جیهان گرت، ناوی بابیلیۆنی بەرز کردەوە، دڵی "مەردوك"ی سەروەری کە هەمو دیارییەکانی ڕۆژانە دەدات بە پەرسگەی "ساگیل"[17] خۆش کرد، ئەو کەسەی کە لە بنەماڵەی ئاغاواتەکانە و ئەو کەسەیە کە "سین"[18] ئافراندویەتی، ئاوەدانکەرەوەی شاری "ئور"[19]، خاکەسار، توانا، ئەو کەسەی سامانی بۆ پەرسگەی "گیش-شیر-گال"[20] هێنا، پاشای کارزان (سپی)، گوێڕایەڵی ""شەمەش" بەهێز، ئەو کەسەی بنەڕەتەکانی شاری "سیپارا"[1]ی

---

1 - Anu the Sublime
2 - Anunaki
3 - Bel
4 - fate
5 -Marduk
6 - Ea
7 - righteousness
8 - Igigi
9 - Babylon
10 -Anu
11 - Shamash
12-Nippur
13- Dur-ilu
14 - E-kur
15 - Eridu
16 - E-apsu
17 - Saggil
18 - Sin
19 - Ur
20 - Gish-shir-gal

www.mafname.com

پتەو کرد، جلوبەرگی سەوزی کردە بەری کێڵی "مەلکات"[2]، ئەو کەسەی پەرستگەی گەورەی "ئی-بابار"[3]ی دروست کرد کە وەکو بەهەشتەکانە، شەرڤانێك کە شاری "لارسا"[4]ی پاراست و پەرسگەی "ئی-بابار" وەکو یاریدەدەری "شەمەش" نۆژەن کردەوە، ئەو گەورەیەی کە ژیانێکی نوی دایە شاری "ئوروك"[5]، ئەو کەسەی ئاوی فرەی بۆ دانیشتووان ئامادە کرد، کەسێك کە پەرسگەی "ئی-ئانا"[6] سەربەرز کرد و جوانییەکانی "ئانو"[7] و "نانا"[8]ی زۆر کرد، قەڵخانی زەوی، ئەو کەسەی خەڵکی پەشۆکاو و هەڵهاتووی "ئیسین"[9]ی دوبارە کۆکردەوە، ئەوەی ووا پەرسگەی "ئی-گال-ماچ"[10]ی دیاریئاخن کرد، پاشای پشتیوانی زەوی، برای خواوەند "زاماما"[11]، ئەوەی وا بە ڕێکوپێکی بنچینەی کێڵگەکانی شاری "کیش"[12]ی دامەزراند، ئەوەی وا پەرسگەی"ئی-مێ-تێ-ئورساگ"[13]ی  لە گەڵ شکۆدا ئاخاند،  ئەوەی وا ئاڵتونە پیرۆزەکانی پەرسگەی "نانا"ی دوقات کرد، پەرسگەی "هارساگ-کەلەما"[14] بەڕێوە دەبات، گۆڕی دژمەن، یاریدەدەری بەدیهاتنی سەرکەوتن، ئەوەی وا هێزی "کوتها"[15]ی زیاد کرد، هەمو شکۆیێکی هێنا بۆ "ئی-شیدلام"[16]، گایەکی هۆڤی ڕەش کە شاخ ئەوەشێنێت لە دژمن، ئەڤینداری خوا "نێبۆ"[17]، ئەوەی وا دڵی دانیشتووانی "بۆریسپا"[18]ی شاد کرد، نەبەز لە پاراستنی شاری "ئی-زیدا"[19]، ئەو پاشایەی کە پێوەندی بە خواکاوە هەیە، لێهاتوو، ژیر، ئەوەی وا زەوییەکانی شاری "دیلبات"[20] فراوان کرد، ئەوەی وا کۆگاکانی "ئوراش"[21]ی پڕ کرد، بەهێز، ئەو کەسەی شایەنی تاجی پاشایەتییە، ئەوەی وا خۆی، خۆی داپۆشیوە، هەڵبژاردەی "ماما"[22]، ئەوەی وا بنەڕەتەکانی نۆژەن کردەوە، ئەوەی وا چێشتی قوروانی بۆ "نین-تو"[24] کۆ کردەوە، داهاتووبین، چاودێر، ئەوەی وا

---

1 -Sippara
2- Malkat
3- E-babbar
4- Larsa
5- Uruk
6 -E-anna
7- Anu
8- Nana
9- Isin
10- E-gal-mach
11 -Zamama
12 - Kish
13 - E-me-te-ursag
14 -Harsag-kalama
15 -Cuthah
16 - E-shidlam
17 - Nebo
18 - Borsippa
19 - E-zida
20 -Dilbat
21 - Urash
22 - Ma-ma
23 - Kesh
24- Nin-tu

Mafname

www.mafname.com

خواردەمەنی و خواردنەوەی بۆ "لاگاش"[1] و "گیرسو"[2] دابین کرد، ئەوەی وا قوروانیگەلێکی یەکجار زۆری بۆ پەرسگەی "نینگیرسو"[3] دابین کرد، ئەوەی وا دژمنی دەستبەسەر کرد، هەڵبژاردەی دەنگێکی دەروونی(ئیلهام کە پێشبینی داهاتووی "هەلاب"[4]ی کرد، ئەوەی وا دڵی "ئانونیت"[5]ی شاد کرد، پاشای ڕەسەن، ئەوەی وا "ئاداد"[6] سکاڵاکان قەبوڵ دەکات، ئەەی وا دڵی "ئاداد"ی ڕازی کردووە، ئەوەی وا لە "کارکار"[7] شەڕی کرد، ئەوەی وا کەسانێکی شیاوی بۆ سکاڵ لە پەرسگەی "ئی-ئود-گال-گال"[8] هێنایەوە، ئەو پاشایە کە ژیانی بەخشی بە شاری "ئاداب"[9]، ڕێنوێنی "ئی-ماچ"،[10] خاوەنشکۆی شار، ئەو شەرڤانەی کە هیچ کات ناگیردرێت، ئەوەی وا ژیانی بەخشی بە دانیشتووانی "مەشکانشابری"،[11] ئەوەی وا فراوانی هێنا بۆ پەرسگەی "شیدلام"[12]، ڕوناك، بەهێز، ئەوەی وا دەچێتە ناو حەشارگەی دەڵەدزەکان، دانیشتووانی "مالکا"[13]ی لە بەدبەختی ڕزگار کرد و ماڵەکانیانی پڕ کرد لە سامان، ئەوەی وا قوروانیگەلێکی پاکی بۆ "ئی-ئا" و "دم- گال- نون-نا"[14] دابینکرد، ئەوەی وا دەوڵەتە هەرە گچکەکەی کرد بە پاشایەتییەکی مەزنی هەتاهەتایی دروست کرد، ئەوەی وا ناوچەکانی کاناڵی "ئود-کیب-نون-نا"[15] خستە ژێر فەرمانی "داگۆن"[16]، خولقێنەرەکەی، ئەوەی وا دانیشتووانی "مێرا"[17] و "توتول"[18]ی پەرەپێدا، پاشای پایەبەرز ئەوەی وا ڕواڵەتی "نینی"[19] ڕۆناك و بریقەدار کرد، ئەو کەسەی ژەمە چێشتە پیرۆزەکانی دا بە خواوەندی "نین- ئا- زو"[20]، ئەوەی وا هۆشی بە دانیشتووانی وڵاتەوە بو و پێویستییەکانیانی دابین کرد و ئاشتی و ئاسودەیی کرد بە بەشی خەڵکی بابیلۆن، شوانی ژێردەستان (ڕەعیەت)[21] و کۆیلەکان، ئەوەی وا کارەکانی بە دڵی خواوەندی "ئانونیت"[22]ە، ئەوەی کە بۆ خواوەندی "ئانونیت" پەرسگەی "دوماش"[23]ی لە ئاقاری[24] "ئاگادێ"[1] دامەزراند، ئەوەی وا مافە یاساییەکانی

---

[1]- Lagash
[2] - Girsu
[3]- Ningirsu
[4]- Hallab
[5] - Anunit
[6] -Adad
[7]- Karkar
[8]- E-ud-gal-gal
[9]- Adab
[10]- E-mach
[11]- Mashkanshabri
[12]- Shidlam
[13]- Malka
[14] -Dam-gal-nun-na
[15]- Ud-kib-nun-na
[16] - Dagon
[17] - Mera
[18] - Tutul
[19] - Ninni
[20]- Nin-a-zu
[21]- oppressed
[22]- Anunit
[23] - Dumash
[24] - suburb

پەسەند کردن، ئەوەی خواوەندی پشتیوانی گەڕاندەوە بۆ وڵاتی ئاشور، ئەوەی ڕێگای دا ناوی "ئیشتاری نینێڤێ"[2] لە "ئی- میش- میش"[3] بمێنێتەوە، پایەبەرزێك کە لە بەرامبەر خوای گەورە خۆی دانەواندەوە (خۆی هێنا خوارەوە)، جێگرەوەی "سومولا- ئیل"[4]، کوڕی بەهێزی "سون- موبالیت"[5]، منداڵی بنەماڵەی پاشازادەی "ئێتێرنیتی"[6]، پاشای بەهێز، خۆرەتاوی بابیلۆن، ئەوەی ڕۆناکی هێنا بۆ سەر زەوی "سومر"[7] و "ئەککەد"[8]؛ پاشایەك کە چارەکێکی خەڵکی جیهان لە ژێر فەرمانیدان، من ئەوەم وا "نینی" زۆری خۆش دەوێت.

کاتێك "مەردوك"[9] منی نارد بۆ ئەوەی فەرمانی هەمو خەڵك بکەم و پشتیوانی دادپەروەری بکەم لە جیهاندا، من داد و چاکەم کرد لە ......... و بەختەوەری ژێردەستەکانم بەدیهێنا.

---

[1] - Agade
[2]- Ishtar of Nineveh
[3]- E-mish-mish
[4]- Sumula-il
[5]- Sin-muballit
[6]- Eternity
[7]- Sumer
[8]- Akkad
[9] - Marduk

**برگە یاساییەکان:**

**١- ئەگەر کەسێك گومان بخاتە پاڵ کەسێکی دیکە[1] و تاوانی کوشتنی پێوە بنێت،[2] بەڵام نەتوانێت گومانەکە بسەلمێنێت، ئەبێ کەسی گوماندەر بە مردن سزا بدرێت.**

**٢- ئەگەر کەسێك، کەسێکی دیکە گومانبار بکات (بە سێحر) و گومانبارەکە بەرەو رووبار بچێت و بپەڕێتە[3] ناوی ئاوەکە؛ ئەگەر خنکا ئەوا گوماندەرەکە دەبێتە خاوەنی خانووەکەی و ئەگەر ڕووبارەکە سەلماندی کە گومانبارەکە بێگوناهە و بێ هیچ ئازار و زیانێك هاتە دەرەوە، گوماندەرەکە بە مردن سزا دەدرێت و خانووەکەشی بۆ گومانبارەکە دەبێت.**

**٣- ئەگەر کەسێك لە بەرامبەری کەسانێکی بە تەمەنتر لە خۆی گومانی تاوانێکی شایەنی سزای مردن (سێدارە) بدات و نەتوانێت ئەو گومانە بسەلمێنێت، بە مردن سزا دەدرێت.[4]**

**٤- ئەگەر کەسێك لە دۆسیەگەلێك کە سزاکەیان پێبژێر لە جۆری دانەوێڵە یان پارە بێت دژ بە کەسانی بەتەمەنتر لە خۆی شایەتی بدات و (نەتوانێت قسەکەی بسەلمێنێت) ئەوا خۆی توشی ئەو سزایە دەبێت.**

**٥- ئەگەر دادوەرێك دادپرسی دۆسیەیێك بکات و بگاتە بڕیار و بڕیارەکەی خۆی بە نوسراوی دەربکات و دوابەدوای ئەوە ڕۆشن بێتەوە کە هەڵەی کردووە و ئەم هەڵەیەش بە هۆی (تێگەیشتنی نادروستی) خۆیەوە بێت ئەوا بە ١٢ بەرامبەری ئەو پێبژێر[5]ەی بڕیاری لە سەر داوە، سزا دەدرێت و لە کورسی دادوەری دور دەخرێتەوە و هیچ کاتی دیکە ئەو کورسییەی پێ نادرێتەوە.**

**٦- ئەگەر کەسێك کەلوپەلی پەرستگە[6] یان دیوانی پاشایەتی[7] بدزێت، هەم دزەکە و هەم ئەو کەسەی کە کەلوپەلەکەی لە دزەکە کڕیوە، سزای مردنیان بە سەردا دەسەپێت.**

**٧- ئەگەر کەسێك بە بێ گرتنی شایەت یان گرێبەست، زیو یان زێڕ، کۆیلەی ژن یان کۆیلەی پیاو، مانگا یان مەڕ، وڵاخ یان هەر شتێکی دیکە لە کوڕ یان کۆیلەی کەسێکی دیکە بکڕێت یان بە ئامانەتی وەربگرێت[8]، ئەو کەسە وەکو دز چاوی لێ دەکرێت و سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.**

---

[1]- ensnares another
[2] -putting a ban upon him
[3] - leap

[4] - لە یەکێك لە وەرگێڕانەکاندا ئاوا وەرگێڕدراوەتەوە:
ئەگەر کەسێك لە دۆسیەیێکدا، شایەتی درۆ بدات و نەتوانێت قسەکەی بسەلمێنێت، ئەگەر دۆسیەکە سەبارەت بە سزای مردن بێت، ئەوا شایەتەکە دەکوژرێت.

[5] - fine
[6] - temple
[7] - court
[8] - if he take it in charge

٨- ئەگەر کەسێك گاگەل یان مەڕ یان وڵاخ یان بەراز یان بزنی پەرەستگە یان دیوانی پاشایەتی بدزێت، دزەکە دەبێت بە ٣٠ بەرامبەری بایەخی ئەو شتە (وا دزیویەتی) سزا بدرێت و ئەگەر خاوەنی ئەو شتانە کەسێکی ئازادکراوی پاشا بێت، دزەکە دەبێ بە ١٠ بەرامبەری سزا بدرێت و ئەگەر ماڵ و پارەی نەبێت کە ئەو پێبژێرە بدات ئەوا دەکوژرێت.

٩- ئەگەر ئەو کەسەی کە شتێکی ون کردووە، شتەکە لە لای کەسێکی دیکە بدۆزێتەوە و ئەو کەسە کە شتەکە لە لایەتی بڵێت "فرۆشیارێك ئەو شتەی پێ فرۆشتوم و لە کاتی کڕینیدا شایەتم هەبووە" و خاوەن شتەکە بڵێت "من شایەتانێك دێنم کە شتەکەی من بناسنەوە"، ئەبێ کڕیارەکە، ئەو فرۆشیارەی کە شتەکەی پێ فرۆشتووە و ئەو شایەتانەی کە لە بەرچاوی ئەواندا شتەکەی کڕیوە، بێنێت و خاوەن شتەکەش دەبێ ئەو شایەتانەی کە دەتوانن شتەکەی بناسنەوە بێنێت. دادوەر دەبێ ڕاستگۆیی[1] شایەتەکان تاقی کاتەوە و هەر دو دەستەی شایەتەکان چە ئەوانەی شایەتی مامەڵەکە بوون و چە ئەوانەی شایەتی ناسینەوەی شتەکە دەبێت سوێند بخۆن. لەم دۆخەدا دەسەلمێت کە فرۆشیارەکە دزە و دەبێ سزای مردنی پێبدرێت. خاوەن شتەکەش، ماڵەکەی خۆی دەباتەوە و کڕیارەکەش ئەو پارەی داویەتی لە سامانی فرۆشیارەکە بۆی قەرەبو دەکرێتەوە.

١٠- ئەگەر کڕیارەکە نەیتوانی فرۆشیارەکە و شایتی مامەڵەکە بێنیت بەڵام خاوەن شتەکە ئەو شایەتانەی کە ماڵەکەی دەناسنەوە هێنای، ئەوا کڕیارەکە دزە و دەبێ سزای مردنی بە سەردا بسەپێت و خاوەن شتەکەش ماڵی خۆی وەردەگرێتەوە.

١١- ئەگەر خاوەن ماڵەکە نەیتوانی ئەو شایەتانەی کە شتە ونبووەکەی دەناسنەوە، بهێنێت ئەوا ئەو کابرایە کەسێکی نادروست و بوختان کەرە[2] و دەبێ سزای مردن بدرێت.

١٢- ئەگەر شایەتەکان لە بەردەستدا نەبن، دەبێ دادوەر دەرفەتێکی شەش مانگەی بداتێ. ئەگەر نەیتوانی لەو شەش مانگەدا شایەتەکانی بێنێت ئەوا کەسێکی نادروستە و سزای ئەو دۆسیە هەڵپەسێردراوە[3]ی بە سەردا دەسەپێت.

١٤- ئەگەر کەسێك منداڵی ساوای کەسێکی دیکە بدزێت، ئەوا سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.

١٥- ئەگەر کەسێك ببێتە هۆی (یاریدەدەر بێت لە) ئەوەی کە کۆیلەی ژن یان پیاوی دیوانی پاشا یان پیاوی ئازاد لە دەروازەکانی شار دەرچێت ئەوا دەبێ سزای مردنی بە سەردا بسەپێت.

---

[1] - testimony
[2] - traduce
[3] - pending case

١٦- ئەگەر کەسێك کۆیلەیێکی پیاو یان ژن کە هینی دیوانی پاشایەتی یان پیاوی ئازادە و دەرچووە لە خانووی خۆیدا ڕێگای بدات و بە بانگهێشتی جارچی گشتی نەیهێنێتە دەرەوە، خاوەن خانووەکە سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.

١٧- ئەگەر کەسێك کۆیلەیێکی ژن یان پیاوکە ڕایکردووە لە دەرەوەی شاردا بدۆزێتەوە، بهێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەوا خاوەنەکەی دەبێ ٢ شێکێلی زیوی پێ بدات.

١٨- ئەگەر کۆیلەکە ناوی خاوەنەکەی نەڵێت، دۆزێنەرەکە دەبێت کۆیلەکە بەرێت بۆ کۆشکی پاشایەتی و دەبێ (بۆ دۆزینەوەی خاوەن کۆیلەکە) لێکۆڵینەوەی زۆرتر بکرێت و کۆیلەکە بگەیەندرێتەوە خاوەنەکەی.

١٩- ئەگەر کابرای ئاماژەپێکراو (دۆزێنەرەکە)، کۆیلەکەکان لە خانووی خۆیدا ڕابگرێت (و نەیانبات بۆ کۆشکی پاشا) و ئەوان لەوێ دەستبەسەر بکرێن ئەوا دۆزێنەرەکە بە مردن سزا دەدرێت.

٢٠- ئەگەر کۆیلەکە لە دەست دۆزێنەرەکە هەڵ بێت و ئەو کابرایە سوێند بخوات بۆ کابرای خاوەن کۆیلە، ئەوا لە هەمو سزایەك بەری دەبێت.

٢١- ئەگەر کەسێك کونێك لە خانووی کەسێکی دیکە (بە مەبەستی دزی کردن) خاس بکات ئەبێت هەر لە بەرامبەری ئەو کونەدا بکوژرێت و لەوێدا بنێژرێت.

٢٢- ئەگەر کەسێك دزییەکی تێکەڵ بە زۆر[1] بکات و دەستبەسەر بکرێت ئەوا سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.

٢٣- ئەگەر دزە زۆرگیرەکە دەستبەسەر نەکرێت، ئەو کەسەی کە دزی لێکراوە دەبێت بە سوێند، ڕێژەی ئەو دزییەی کە لێی کراوە دەست نیشان بکات و ئەو جڤاتی شار کە دزییەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتیدا ڕوویداوە دەبێ هەمو ئەو زیان و خەسارە قەرەبوو بکەنەوە.

٢٤- ئەگەر لە کاتی دزییە تێکەڵ بە زۆرەکە، کەسێك کە دزی لێدەکرێت بمرێت ئەوا جڤاتی شار... دەبێ یەك مینا زیو بدات بە خزمەکانی ئەو کەسە.

٢٥- ئەگەر ئاگر لە خانووی کەسێك بەر بێتەوە و کەسێك بێت تا بیکوژێنێتەوە و چاو ببرێتە (تەماع بکات) کەلوپەلی خاوەن خانووەکە و شتێك هەڵگرێت ئەوا دەبێ بتخەنە ناو ئاگرێکی هاوشێوە کە خۆی هەڵیکردووە.

[1] - robbery

٢٦- ئەگەر سەرۆك هۆزێك[1] یان پیاوێك (سەربازێك) كە بۆ هاورێیەتی پاشا لە شەڕدا بانگهێشت كراوە، نەچێت بۆ شەڕ بەڵام مزورێك[2] بە كرێ بگرێت، ئەگەر كرێكەی پێ نەدات ئەوا ئەم سەرۆك هۆز و سەربازە دەبێ سزای مردنیان بە سەرا بسەپێت و مزورەكە دەبێتە خاوەنی سامانی ئەو كابرایە.

٢٦- ئەگەر سەرۆك هۆزێك[3] یان پیاوێك (سەربازێك) كە بۆ هاورێیەتی پاشا لە شەڕدا بانگهێشت كراوە، نەچێت بۆ شەڕ بەڵام مزورێك[4] بە كرێ بگرێت، ئەگەر كرێكەی پێ نەدات ئەوا ئەم سەرۆك هۆز و سەربازە دەبێ سزای مردنیان بە سەرا بسەپێت و مزورەكە دەبێتە خاوەنی سامانی ئەو كابرایە.

٢٧- ئەگەر سەرۆك هۆز یان شەرڤانێك لە شەڕدا بگیریەت و زەوی و باخەكەی (ئەو زەوی و باخەی كە لە باتی خزمەت كردنی لە شەڕدا وەریگرتووە) بدرێت بە كەسێكی دیكە، بگەڕێتەوە و جارێكی دیكە پێگەی خۆی بە دەست بێنێتەوە دەبێ زەوی و باخەكەی بۆ بگەڕێندرێتەوە.

٢٨- ئەگەر سەرۆك هۆز یان پیاوێك لە شەردا بگیریەت و كوڕەكەی شیاوی خاوەندارەتی بێت ئەوا زەوی و باخەكەی دەدرێت بە كوڕەكەی و ئەو كوڕەش دەبێ كارانەی باوكی بدات.

٣٠- ئەگەر سەرۆك هۆز یان شەرڤانێك (بۆ دەرچون لە خزمەت) خانوو و باخ و زەوییەكەی بەجێ بێڵێت و بە كرێی بدات و كەسێكی دیكە خانوو و باخ و زەوییەكەی داوڕ بكات و بە ماوەی سێ ساڵ كەڵكی لێ-وەربگرێت و دوایی خاوەنەكەی بگەڕێتەوە و داوای خانوو و باخ و زەوییەكەی بكات، پێی نادرێتەوە و ئەو كەسەی كە داوڕی كردووە دەتوانێ درێژە بە كەڵكوەرگرتنی خۆی بدات.

٣١- ئەگەر خانوو و باخ و زەوییەكەی بۆ ماوەی یەك ساڵ بە كرێ بدات و دوای ئەوە بگەڕێتەوە دەبێ ئەو شتانەی بۆ بگەڕێندرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر خزمەتەكەی.

٣٢- ئەگەر سەرۆكهۆز یان شەرڤانێك لە كاتی خزمەتی پاشا بە دیل بگیردرێت و بازرگانێك بیكرێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، ئەگەر كەلوپەلی ناوماڵی خۆی ئەوەندە ببێت كە بتوانێت ئازادی خۆی بكڕێتەوە، دەبێ خۆی بكڕێتەوە و ئەگەر كەلوپەلێكی نەبێت كەخۆی پێ بكڕێتەوە، دەبێ لە لایەن پەرستگەی شارەوە بكڕدرێتەوە و ئەگەریش پەرستگە هیچی نەبێت ئەو دەبێ دیوانی پاشایەتی دەبێ بیكڕێتەوە. زەوی و باخ و خانووەكەی نابێ بۆ كڕینی ئازادیەكەی بدرێت.

---

1 - chieftain
2 - mercenary
3 - chieftain
4 - mercenary

٣٣- ئەگەر سەربازی ژێردەستی سەرپەل یان فەرماندەرێکی چەکداری لە خزمەت دەرچێت یان ئەو سەرپەل و فەرماندەرە، مزورێك کە بە کرێ و لە جیاتی کەسێکی دیکە هاتووە بۆ خزمەت وەربگرێت ئەوا ئەو سەرپەل و فەرماندەرە سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.

(بەشێك لەم بڕگەیە پاك بووەتەوە و ناخوێندرێتەوە بەڵام لە بڕێك شوێندا بەم شوێنە خوێندراوەتەوە و دانراوە. جێگای ئاماژەیە بڵێین کە لەو دەقەی کە پێوەری ئەم وەرگێڕانەیە، ئەم بڕگەیە بەم شێوە نیە.)

٣٤- ئەگەر سەرپەل یان فەرماندەری چەکداری، سامانی کاپتانێك (سەربازێك) لێی بستێنێت (یان توشی زەرەی بکات) یان بریندراری بکات یان ئەو دیارییانەی کە بە هۆی خزمەتەوە لە لایەن پاشاوە دراوە بەو سەربازە، بۆ خۆی هەڵبگرێت ئەوا دەبێت سزای مردنی بە سەردا بسەپێندرێت.

٣٥- ئەگەر کەسێك ئەو مانگاگەل و مەڕانی کە پاشا داویەتی بە خۆدی سەرۆکهۆز (بە هۆی خزمەتیەوە)، لێی بکرێت، ئەوا کڕیارەکە پارەکەی لە کیس دەچێت. (ئەو جۆر شتانە کڕین و فرۆشتنیان پیێناکرێت.)

٣٦- ڕێگا نادرێت کە زەوی، باخ و خانووی سەرۆکهۆز یان پیاو (ی چەکداری دەوڵەت) و هەروەها خاوەن زەویوزاری کاپۆ[1] بفرۆشرێت.

٣٧- ئەگەر کەسێك زەوی، باخ یان خانووی سەرۆکهۆز یان پیاو (چەکداری دەوڵەت) یان خاوەن زەویوزاری کاپۆ بکرێت، ئەوا ئەو گرێبەستە پووچەڵ دەبێتەوە و ئەو کڕیارە پارەکەشی لە کیس دەچێت. زەوی، باخ یان خانووەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

٣٨- سەۆکهۆز، پیاو (ی چەکداری دەوڵەت) یان خاوەن زەویوزاری کاپۆ ناتوانێت زەوی، خانوو یان باخی خۆی (کە بە هۆی خزمەتی پاشاوە وەریگرتووە) بدات بە دەستی هاوسەر و کچەکەیەوە (واژۆ لە سەر گرێبەستێك بکات کە زەوی و خانوو و باخەکەی بدات بە دەستی ژن و کچەکەیەوە) و هەروەها ناتوانێت لە جیاتی قەرز بیدات بە کەسێکی دیکە.

٣٩- بەڵام (سەرۆکهۆز یان پیاوی چەکداری دەوڵەت یان خاوەن زەویوزاری کاپۆ) بۆی هەیە زەوی و باخ و خانوویەك کە خۆی کڕیویەتی و بەشێك لە سامانیەتی، بدات بە هاوسەر و کچەکەی یان لە باتی قەرز بیدات بە خاوەن قەرز.

٤٠- ئەو (سەرۆکهۆز یان پیاوی چەکداری دەوڵەت یان خاوەن زەویوزاری کاپۆ) بۆی هەیە (ئەو) زەوی، باخ و خانوو(ەی کە بە هۆی خزمەتەوە لە پاشا وەریگرتووە) بفرۆشێت بە بازرگان (ی حکومەتی) یان هەر فەرمانبەرێکی دەوڵەتی و کڕیارەکە بۆی هەیە درێژە بە خزمەتی پێوەندیدار بەو زەوی و خانوو و باخە بدات.

[1] - of one subject to quit-rent

٤١- ئەگەر کەسێك زەوی، خانوو یان باخی سەۆکهۆز، پیاو (ی چەکداری دەوڵەت) یان خاوەن زەویٚ-وزاری تاپۆ تەلبەن بکات (فەنسی بکێشێت) یان تەلبەنەکەی نۆژەن کاتەوە و سەۆکهۆز، پیاو (ی چەکداری دەوڵەت) یان خاوەن زەویٚوزاری کاپۆ بگەڕێتەوە ئەوا ئەو تەلبەنە دەبێتە بەشێك لە سامانی ئەو.

٤٢- ئەگەر کەسێك زەوییەك بگرێتە دەست بۆ ئەوەی کە کشتوکاڵی تێدا بکات بەڵام هیچ بەرهەمێکی دەست نەکەوێت و خاوەن زەوییەکە بیسەلمێنێت کە کابرای کرێچی لە سەر زەوییەکە کاری نەکردووە ئەوا کرێچییەکی دەبێت بە ئەندازەی بەرهەمی هاوسێکەی دانەوێڵە بدات بە خاوەن زەوییەکە.

٤٣- ئەگەر کابرای کرێچی لە ناو زەوییەکە کشتوکاڵ نەکات و زەوییەکە شێوەرد بهێڵێتەوە، دەبێت بە ئەندازەی بەرهەمی هاوسێکەی، دانەوێڵە بدات بە خاوەن زەوییەکە و دەبیٚ ئەو زەوییە کە بە شێوەرد هێشتیویەتەوە، بکێڵێت و دانی بیژگێنێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

٤٤- ئەگەر کەسێك زەوییەکی نەکاڵ (نەکێڵدراو و بایەر)[1] بۆ ماوەی سیٚ ساڵ بە کریٚ بگرێت تا بیکێڵێت بەڵام لەشقورس بێت و نەیکێڵێت، ئەوا دەبێت لە ساڵی چوارەمدا زەوییەکە بکێڵێت، خرەکانی لابوات و کشتوکاڵی تێدا بکات و بیداتەوە بە خاوەنەکەی و لە هەمبەر ١٠ گەن (پێوەرێکی تایبەت بۆ پێوانی زەوی)، دەبیٚ ١٠ گور (پێوەری کێش) دانەوێڵە بدات بە خاوەن زەوییەکە.

٤٥- ئەگەر کەسێك زەوییەك لە بەرامبەر کرێی دیاریکراو، بۆ کشتوکاڵ بە کریٚ بدات و کرێکەی خۆشی وەربگرێت بەڵام کەشوهەوای خراپ ببێتە هۆی خراپبونی بەرهەمەکەی، ئەوا ئەم زیانە بۆ خۆدی جوتیارەکەیە (نەك خاوەن زەوییەکە).

٤٦- ئەگەر کرێکە دیاریکراو نەبێت و بە ڕێژەیی وەکو نیوە یان یەك لە سێی بەرهەم ڕێککەوتبن، دانەوێڵەکە دەبێت بەو ڕێژەیە کە لە سەری ڕێککەوتون لە نێوان جوتیار و خاوەن زەوی دابەش دەبێت.

٤٧- ئەگەر جوتیار بە هۆی ئەوەی کە ساڵی پێشتر نەیتوانیوە زەوییەکە بکێڵێت و داهاتێك بە دەست بێنێت، بە خاوەن زەوی ڕابگەیێنێت کە دەیهەویٚ بۆ ساڵی داهاتو ئەو زەوییە دوبارە بکێڵێت، خاوەن زەوی ناتوانێت بەری پیبگرێت و جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت و بەرهەمەکە کۆ دەکاتەوە و خاوەنەکە بە پێی ڕێککەوتنەکە (ی پار) پشکی خۆی وەردەگرێت.

٤٨- ئەگەر کەسێك قەرزێکی بە سەر شانەوە بێت و زریان بەرهەمەکەی لە ناو ببات[2] یان بەرهەمەکەی نەیەتە دی یان بە هۆی بیٚئاوییەوە بەرهەمەکە گەورە نەبێت، لەو ساڵەدا پێویست ناکات کە دانەوێڵە بدات بە قەرزدەرەکە و بەجێهێنانی بەندەکانی گرێبەستەکەی دەکەوێتە دوا و هیچ کرێیێك بۆ ئەو ساڵە نادات.

---

1- waste-lying field
2 - prostrate

٤٩- ئەگەر كەسێك، پارە لە بازرگانێك وەربگرێت و لە بەرامبەردا زەوییەكی كێڵدراو بۆ گەنمەشانی و كونجی وەك بارمتە (وثیقە) دابنێت و ئەمری پێبكات كە گەنمەشانی یان كونجی تێدا بنێ و بەرهەمەكە دروێنە بكە، ئەگەر بازرگانەكە لە زەوییەكەدا گەنمەشانی و كونجی بكێڵێت، بەرهەمی گەنمەشانی و كونجی زەوییەكە هینی خاوەن زەوییەكەیە و ئەو دەبێت سووی پارەكە بدات بە بازرگانەكە و هەروەها دەبێ تێچووی كشتوكاڵی زەوییەكەش بدات بەو بازرگانە.

٥٠- ئەگەر ئەو جوتیارەی كە پارەكەی لە بازرگانەكە وەرگرتووە، زەوییەكی كێڵدراو بۆ گەنمەشانی و كونجی بكاتە بارمتەی قەرزەكەی، ئەوا بەرهەمی گەنمەشانی و كونجی زەوییەكە هینی خاوەن زەوییەكەیە و ئەو تەنیا پارە و سووەكەی بە بازرگانەكە دەدات.

٥١- ئەگەر ئەو كەسەی كە قەرزی كردووە، پارەی نەبێت بیداتەوە دەتوانێ بە پێی نرخی دیاریكراوی حكومەت، گەنمەشآنی یان كونجی لە جیاتی ئەو پارەیە كە لە بازرگانەكەی ئەستاندووە و سووەكەی بداتەوە.

٥٢- ئەگەر جوتیارەكە لە زەوییەكەدا خگەنمەشانی یان كونجی نەنێت، گرێبەستی قەرزەكە پووچەڵ نابێتەوە.

٥٣- ئەگەر كەسێك (كە قەرزی وەرگرتووە) هێندە لەشگران بێت كە ئاوبەندی زەوییەكەی رێكوپێك نەكاتەوە و هۆشی پێوە نەبێت و ئاوبەندەكە بڕوخێت و زەوییەكانی دەوروبەر ئاو بیانبات، دەبێت (زەوی ئەو كەسەی كە بووەتە هۆی ڕووخانی ئاوبەندەكە بفرۆشرێت و بە جیاتی ئەو پشكە گەنمەشانی و كونجییە كە بووەتە هۆی لەناوچوونی، پارە بداتەوە.

٥٤- ئەگەر نەتوانێت پارەی گەنمەشانییەكە ببژێرێت ئەوا، دەبێت سامانەكەی لە نێوان ئەو جوتیارانەی كە ئاو زەوییەكانی بردووە و گەنمەشانییەكەیان لەناو چووە، دابەش ببێت.

٥٥- ئەگەر كەسێك جوگەلەی ئاوەكەی بەربدات بۆ ئەوەی كە ئاوی گەنمەشانییەكەی بدێرێت و بەڵام كەمتەرخەم بێت و لافاو زەوی هاوسێكەی دابگرێت، دەبێت بۆ قەرەبووی ئەو زەرەر گەنمەشانی بە هاوسێكەی بدات.

٥٦- ئەگەر كەسێك ئاو بەر بداتەوە و ئاوەكە زەوی كێڵدراوی هاوسێكەی داپۆشێت و بیبات، ئوا دەبێ ١٠ گور گەنمەشانی لە باتی هەر ١٠ گان زەوی بدات بە خاوەن زەوییەكە.

٥٧- ئەگەر شوانێك بە بێ ئیجازە و بە بێ ناسینی خاوەن زەوی، ڕێگا بدات كە تا مێگەل بچنە ناو زەوی كەسێك تا بلەوەڕن، دوابەدوای ئەوە ئەبێت خاوەن زەوی ئەو بەرهەمەی ماوەتەوە، كۆ كاتەوە و ئەو شوانەش دەبێت لە باتی هەر ١٠ گان زەوی، ٢٠ گور گەنمەشانی بدات بە خاوەن زەوییەكە.

٥٨- ئەگەر دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی وادەی لەوەڕ لە دەروازەی شاردا، گەلەکە لەوەڕگە بە جێبهێڵێت و شوانەکە ئەم گەلە بوات بۆ ناو زەوی کەسێك و بیانلەوەڕێنێت، دەبێ هۆشیاری ئەو زەوییە بکات و لە وەرزی کۆ کردنەوەی بەرهەمدا، شەست گور گەنمەشانی لە باتی هەر دە گان زەوی بدات.

٥٩- ئەگەر کەسێك بێئیجازەی خاوەن باخ، دارێکی ئەو باخە ببڕێت، دەبێت نیوە مینایەك پارەی قەرەبووی بدات بە خاوەن باخەکە.

٦٠- ئەگەر کەسێك زەوییەك بسپێرێت بە باخەوانێك تا بیکات بە باخ و بە خێوی بکات و باخەوانەکەش کاری تێدا بکات و چوار ساڵ چاودێری بکات لە ساڵی پەنجەمدا باخەکە لە نێوانیاندا بەش دەکرێت و سەرەتا خاوەن زەوییەکە بەشی خۆی جیا دەکاتەوە.

٦١- ئەگەر باخەوانەکە ئەرکی خۆی بە باشی بەجێنەهێنێت و بەشێکلە زەوییەکە نەکات بە باخ، ئەوا ئەو بەشە ئاوەدان نەکراوە دەکەوێتە پشکی باخەوانەکە.

٦٢- ئەگەر باخەوانەکە، ئەو باخەی کە پێی سپێردراوە ئاوەدان نەکاتەوە و ئەو زەوییە، زەوییەکی ئامادەی کشتوکاڵ بوبێت (بۆ گەنمەشانی یان کونجی)، باخەوانەکە دەبێت بەرهەمی زەوییەکە بۆ ئەو ساڵانەی کە زەوییەکە لە دەستیدا بووە و نەکێڵدراوە، بە پێی ڕێژەی بەرهەمی هاوسێکەی بدات بە خاوەن زەوییەکە و زەوییەکەش ئامادەی کێڵان بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

٦٣- ئەگەر زەوییەکە، زەوییەکی هەرز و نائاوەدان بووە و ئەو (باخەوانەکە) بیکات بە زەوییەکی باش بۆ کشتوکاڵ، ئەوا دەبێت بۆ هەر ساڵێك (کە زەوییەکە لە دەستیدا بووە و نەیتوانیوە بیکات بە باخ) دەبێ لە باتی هەر دە گان، دە گور گەنمەشانی بدات بە خاوەن زەوییەکە.

٦٤- ئەگەر کەسێك باخی خۆی بدات بە کەسێك تا بە خێوی بکات، تا ئەو کاتەی باخەکە لە دەستی باخەوانەکەدایە، ئەوا دو لە سەر سێی بەرهەمەکە بۆ خاوەن باخەکە دەبێت و ئەوی دی بۆ خودی باخەوانەکە دەمێنێتەوە.

٦٥- ئەگەر باخەوانەکە لە سەر باخەکە کار نەکات و بەرهەمی باخەکە کەم بێتەوە، باخەوانەکە دەبێت بەو ڕێژەیە کە هاوسێ باخەکە بەرهەمی بووە، قەرەبووی بەرهەمی خاوەن باخەکە بکاتەوە.

لێرەدا، کۆیاساکە پاك بووەتەوە و هیچ ڕێگایەك بۆ خوێندنەوەی دەقەکە نییە هەرچەندە بڕێك نووسەر تا ڕادەیەك و بە بەراورد لەگەڵ بڕگەکانی دیکەی ئەم کۆیاسایە توانیویانە بڕێك بڕگەی ئەم کۆیاسایە بخوێننەوە.

١٠٠- ..... ئەگەر بازرگانێك زیو بدات بە بریكارێك تا كاسبی پێ بكات و ئەو مزورە سود بكات، بە پێی ئەو كاتەی كە تێپەڕیوە (ئەو ماوەیە كە زیوەكە بە دەستیەوە بووە) پشكی بازرگانەكە ئەژمار دەكات و پێی دەدات.

١٠١- ئەگەر ئەو شوێنەی كە بریكارێك (بۆ كاسپی) چووەتە ئەوێ، دۆخی بازرگانی ئەوتۆی نەبێت كە بتوانێت داهاتێكی بببێت دەبێ هەمو ئەو پارەی كە لە بازرگانەكەی وەرگرتووە، بداتەوە پێی.

١٠٢- ئەگەر بازرگانەكە بۆ كاسپییەكی تایبەتی پارەی دابێت بۆ بریكارەكە و بریكارەكە لەو شوێنەی كە بۆ كاسپی چووە توشی زیان بێت ئەوا دەبێت ئەسڵی پارەكە بداتەوە بە بازرگانەكە.

١٠٣- ئەگەر لە كاتی گەشت بۆ كاسپی، دژمن شتێكی لێبدزێت، ئەوا بریكارەكە بە ناوی خوای گەورە سوێند دەخوات و ئازاد دەبێت.

١٠٤- ئەگەر بازرگان گەنمەشانی، خوری، ڕۆن یان شتومەكی دیكە بدات بە بریكارێك تا هەناردەیان بكات، ئەو بریكارە دەبێت ڕسیدێك بدات كە تێیدا ڕێژەی ئەو شتومەكە و پارەیێك كە لە بەرامبەریدا دەبی بیدات، دیاری بكرێت. هەروەها ئەو بریكارە دەبێ كاتێك پارەكە دەدات بە بازرگانەكە رسیدی لێوەربگرێت.

١٠٥- ئەگەر بریكارەكە كەمتەرخەم بێت و بۆ ئەو پارەیە كە دەیدا بە بازرگانەكە ڕسید وەرنەگرێت ئەوا ئەو ئیتر ناتوانێت ئەو پارەیە كە بێ ڕسید داویە وەكو پارەی خۆی چاوی لێبكات.

١٠٦- ئەگەر مزورێك پارە لە بازرگانێك وەربگرێت بەڵام بداتە ژێری ئەو پارەیە، بازرگانەكە دەبێت بە ناوی خوای گەورە سوێند بخوات و شایەتەكانیشی بێنێت كە شایەتی بۆ بدەن پارەكەی داوە بە بریكارەكە، ئەوا بریكارەكە دەبێت سێ قاتی پارەكە بدات بە بازرگانەكە.

١٠٧- ئەگەر بازەرگانەكە فێڵ بكات لە بریكارەكە بەو جۆرە كە بریكارەكە هەمو ئەو پارەی كە لە بازرگانەكەی وەرگرتووە بیگەڕێنێتەوە بۆی بەڵام بازرگانەكە حەشا لەو شتە بكات و مزورەكە ئەو بازرگانە لە بەردەم خوای گەورە و دادوەرەكاندا مەحكوم بكات (لە ڕێگای سوێند خواردن و هێنانی شایەت) و ئەو بازرگانە دیسانەوە هەر حەشا لەو وەرگرتنی ئەو پارەیە بكات ئەوا دەبێت شەش قاتی ئەو پارەیە بدات بە مزورەكە.

١٠٨- ئەگەر ژنێك كە بەڕێوەبەری مەیخانەیێكە لە باتی مەی، گەنمەشانی بە پێی كێشی پێوەر وەرنەگرێت و تەنیا پارە (زیو) وەربگرێت و ئەو پارەی كە وەریدەگرێت زۆرتر لە بایەخی مەیەكە بێت ئەوا دەبێت ئەو ژنە مەحكوم بكرێت و بخرێتە ناو ئاو.

١٠٩- ئەگەر کەسانی فێلباز[1] (تاوانبار) لە ماڵی ژنە مەیخانەدارەکەدا بن و ئەم کەسانە دەستبەسەر نەکرێن و ڕادەستی دادگا نەکرێن ئەوا ژنە مەیخانەدارەکە سزای مردنی بە سەردا دەسەپێت.

١١٠- ئەگەر ژنێکی ئایینی مەیخانەیێك بکاتەوە یان بۆ مەی خواردن بچێتە مەیخانەیەکەوە، ئەوا دەبێ لە ناو ئاگردا بیسوتێنن.

١١١- ئەگەر ژنە مێوانخانەدارێك بۆ مێوانەکەی ٦٠ کا خواردنەوە ئامادە بکات ئەوا مێوانەکە دەبێ لە باتیدا ٥٠ کا گەنمەشانی پێبدات.

١١٢- ئەگەر کەسێك لە گەڕیان (گەشت)دا بێت و زیو و زێڕ و بەردی بایەخدار یان هەر شتێکی بزۆز[2] بدات بەکەسێکی دیکە (کە بیبات بۆ شوێنی دیاریکراو) و لە شوێنی دیاریکراودا لێی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەو کابرایە شتەکە نەهێنێت بۆ شوێنی دیاریکراو و هەڵیبگرێت[3] بۆ خۆی، ئەوا دەبێ ئەو کەسە مەحکوم بکرێت و پێنج قاتی ئەو شتە کە پێی سپێردراوە بدات بە خاوەنەکەی.

١١٣- ئەگەر گەنمەشانی یان پارەیێك درابێت بە کەسێك کە بیبا بۆ شوێنێك و ئەو کابرایە بچێت لە کۆگا[4] (ئەمبار) یان سنوقێکدا گەنمەشانی یان پارە بهێنێت بە بێ ئەوەی کە بزانێت خاوەنی ئەو گەنمەشانی و پارەیە کێیە (و بە هەڵە گەنمەشانی یان پارەی کەسێکی دیکە بێنێت) و بە پێی یاسا ئەو کابرایە مەحکوم بکرێت ئەوا دەبێت شتەکە یان پارەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی و ئیدی بڕە پارەی کارانەکەشی کە پێی دراوە لێدەستێندرێتەوە یان ئەگەر وەری نەگرتووە ئیدی پێی نادرێت.

١١٤- ئەگەر کەسێك هیچ ماف و پشکێکی لە گەنمەشانی و پارەی کەسێکی دیکەدا نیە و دەیهەوێت (لە ڕێگای بارمتە گرتنی ئەندامانی بنەماڵەکەی) زۆرگیری لێبکات، کابرای زۆرگیر دەبێ لە بەرامبەر هەر بارمتەیێك، یەك لە سەر سێی مینایەکی زیو بدات.

١١٥- ئەگەر کەسێك لە گەنمەشانی و پارەی کەسێکی دیکەدا ماف و پشکی هەبێت و (بۆ وەرگرتنی پشکەکەی) ئەو کابرایە دەستبەسەر کات و کابراکە لە بەندا بە مردنێکی سروشتی بمرێت، ئەوا کابرای دەستبەسەرداگر هیچ بەرپرسیاریەتییەکی نیە.

١١٦- ئەگەر کەسی بەندکراو (کە لە لایەن بازرگانەوە بۆ وەرگرتنی قەرزەکەی بەند کراوە) بە هۆی لێدان[5] یان ئازارە(فێداری)[6]وە بمرێت، باوکی بەندکراوەکە دەبێ بازرگانەکە (خاوەن قەرزەکە) لە بەردەم دادوەردا مەحکوم بکات. ئەگەر بەندکراوە مردووەکە کەسێکی ئازادی زگماکی بێت ئەوا کوڕی بازرگانەکە لە

---

[1] - conspirator
[2] - movable
[3] - appropriate
[4] - granary
[5] -blow
[6] - maltreatment

بەرامبەریدا دەکوژرێت و ئەگەر دیل بێت بازرگانەکە دەبێ یەك لە سەر سێی مینایەکی زێڕ بدات بە خاوەنی مردووەکە و هەروەها هەمو قەرزەکەشی لا دەچێت.

١١٧- ئەگەر کەسێك وادەی دانەوەی قەرزەکەی بگات (و نەتوانێت قەرزەکەی بداتەوە) و بۆ دانەوەی قەرز ناچار بێت خۆی یان ژنەکەی یان کوڕەکەی یان کچەکەی بفرۆشێت یان (لە ماڵی خاوەن قەرزەکە) بێگاری بکات، ئەوان دەبێ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ماڵی ئەو کەسەی کە کڕیونی یان خاوەن قەرزەکە کار بکەن و لە ساڵی چوارەمدا ئازاد دەبن.

١١٨- ئەگەر کابرای قەرزدار ژن یان پیاوێکی دیل بۆ بێگاری بدات بە خاوەن قەرز و خاوەن قەرزەکە بیاندات بە کرێ[1] یان بیانفرۆشێت، خاوەن دیلەکە ناتوانێت هیچ تانەیێك بدات لەم کارە.

١١٩- ئەگەر کەسێك نەتوانێت قەرزەکەی بداتەوە و ناچار بێت کڵفەتێکی (ژنە خزمەتکارێکی) خۆی کە منداڵێکی لێی هەیە، لە باتی پارە بدات، خاوەن کڵفەتەکە دەبێ ئەو پارەیە کە بازرگانەکە داویەتی، بداتەوە و ژنەکە ئیدی ئازاد دەبێت.

١٢٠- ئەگەر کەسێك بۆ نگادێری باشتر، گەنمەشانی خۆی بنێتە خانووی کەسێکی دیکە و لە کۆگاکەدا زیانێك بە گەنمەشانییەکە بگات یا ئەوەی کە خاوەن خانووەکە دەرگای کۆگاکە بکاتەوە و برێك لەو گەنمەشانییە هەڵبگرێت یان لەوە تایبەتتر بە گشتی بداتە ژێری ئەوەی کە گەنمەشانیێك لە ماڵەکەیدا بوبێت، ئەوا خاوەن گەنمەشانییەکە دەبێ قسەکەی خۆی بە سوێند خواردن بە ناوی خوای گەورە بسەلمێنێت و دوای ئەوە خاوەن خانووەکە دەبێت گەنمەشانی داواکراو بداتەوە بە خاوەن خاوەنەکە.

١٢١- ئەگەر کەسێك گەنمەشانییکەی لە ماڵی کەسێکی دیکە گلێر کاتەوە، دەبێت بۆ هەر ساڵێك لە بای هەر گور، پێنج کا گەنمەشانی بدات بە خاوەن کۆگاکە.

١٢٢- ئەگەر کەسێك زیو، زێڕ یان هەر شتێکی دیکە بدات بە کەسێکی دیکە تا بۆی هەڵگرێت، دەبێ ئەو شتانە نیشانی برێك شایەت بدات و گرێبەستی تەکا بنوسێت و دوا بە دوای ئەوە بیاندات بە دەستی هەڵگرەکەیەوە.

١٢٣- ئەگەر کەسێك بێ گرتنی شایەت یان گرێبەست، ئەو شتانە بدات بە کەسێك تا بۆی هەڵبگرێت و ئەو کابرایە بداتە ژێری ئەو شتانە، ئەوا خاوەن شتەکان لە ڕووی یاساییەوە هیچ مافێکی بۆ داوا کردنی نیە.

١٢٤- کەسێك زیو یان زێر یان هەر شتێکی دیکە بدات بە کەسێکی دیکە تا بۆی هەڵبگرێت و شایەت بگرێت بۆ ئەمە، ئەگەر کابرای هەڵگر بداتە ژێری ئەو شتانە، کابرای خاوەن شت دەبێ بچێتە بەردەم دادگا و قسەکەی بسەلمێنێت و کابرای حەشاکەر دەبێ هەمو ئەو شتە بداتەوە.

---

[1] - sublease

١٢٥- ئەگەر کەسێك کەلوپەلی خۆی بدات بە دەستی کەسێکی دیکە تا باشتر بۆی هەڵبگرێت و ئەو کەلوپەلە و هەروەها سامانی خاوەن خانووەکە لە لایەن دز یان چەتەکانەوە بدزرێت، دەبێت خاوەن خانووەکە کە کەمتەرخەم بووە، ئەو کەلوپەلە بۆ خاوەنەکەی قەرەبو کاتەوە بەڵام بۆیشی هەیە بچێت بە شوێن دزەکان (و بیاندۆزێتەوە) و سامانەکەی خۆی لێیان وەربگرێتەوە.

١٢٦- ئەگەر کەسێك کە شتەکانی ون نەبووە بەڵام بە درۆوە دەڵێت ون بووە، لە بەردەم خواوەندی گەورە سوێند بخوات و بڵێت کە ئەو شتانەی ون کردووە یان ئەوەی کە برینێکی (زیانێکی) پێگەیشتووە، ئەوا دەبێت بە تەواوەتی (لە لایەن ئەنجومەنی شارەوە) قەرەبوو بکرێتەوە. (هەر ئەو سوێندە بەسە بۆ قەرەبو کردنەوەی.)

١٢٧- ئەگەر کەسێك بوختانێك بۆ ژنێکی ئایینی یان هاوسەری کەسێکی دیکە بکات و نەتوانێت قسەکەی بسەلمێنێت، ئەو کابرایە دەدرێتە دادگا و دەبێ تەوێڵی (توێڵ و ناوچاوان) دیاری بکرێت. (ڕووڕەش بکرێت)

١٢٨- ئەگەر پیاوێك ژنێك بە هاوسەری بگرێت بەڵام هیچ ئاوێتەبونێکی تەکا نەبوبێت، ئەوا ئەو ژنە وەکو هاوسەری نایەتە ئەژمار.

١٢٩- ئەگەر پیاوێك لە ناکاودا ژنەکەی لە باوەشی پیاویکی دیکەدا ببینێت ئەوا هەر دوکیان دەبێ ببەسترێنەوە و بخرێنە ناو ئاو، بەڵام پیاوەکە بۆی هەیە لە ژنەکەی خۆش بێت و پاشاش بۆی هەیە لە نۆکەرەکانی (هاووڵاتییان) خۆش ببێت.

١٣٠- ئەگەر پیاوێك دەستدرێژی بکاتە سەر دەزگیران یان ژن-منداڵی[1] پیاوێکیتر کە پەردەی کچێنی هێشتا ماوە (هێشتا بنی هەیە) و لەماڵی باوکیدا دەژی (هێشتا نەگواستراوەتەوە بۆ ماڵی شو) و لەگەڵیدا بخەوێت ئەوا پیاوەکە دەبێ بکوژرێت بەڵام کچەکە بێتاوانە.

١٣١- ئەگەر پیاوێك گومان بخاتە سەر ژنەکەی (گومانی پێوەندی ناڕەوا لەگەڵ پیاوێکی دیکە) بەڵام هاوسەرەکەی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا لە کاتی ئاوێتەبوون نەبینرابێت، ئەو ژنە دەبێت سوێند بخوات (بە بێ-تاوانی خۆی) و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خانووی خۆی.

١٣٢- ئەگەر پیاوێك گومان بخاتە سەر ژنەکەی سەبارەت بە ئاوێتەبونی ناڕەوا (زینا) لەگەڵ پیاوێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەو ژنە لەگەڵ ئەو پیاوەدا نەگیرابێت، ئەوا ژنەکە بۆ ئۆقرە گرتنی دڵی شووەکەی دەبێت بۆ بەجێهێنانی تاقیکردنەوەی خوایی خۆی بخاتە ناو ڕووبارەوە. (ئەگەر زیندوو هاتە دەرەوە ئەوا بێتاوانە و ئەگەریش مرد ئەوا تاوانبار بووە.)

---

[1] - child-wife

١٣٣- ئەگەر پیاوێك لە شەڕدا بە دیل بگیردرێت بەڵام لە خانووەکەیدا بژێوی ژیان[1] هەبێت (کە هاوسەرەکەی بتوانێت خۆی پێ بژێنێت)، بەڵام هاوسەرەکەی خانووەکەی بەجێبێڵێت و بچێتە خانووی پیاوێکی دیکە، ئەوا دەبێ دادپرسی بکرێت و دوای بەتاوانبارناسینی، بخرێتە ناو ئاو.

١٣٤- ئەگەر پیاوێك لە شەڕدا دەستبەسەر بکرێت و لە خانووەکەشیدا بژێوی ژیان بوونی نەبێت (تا هاوسەرەکەی خۆی پێ بژێنێت) و هاوسەرەکەی بچێت بۆ ماڵی پیاوێکی دیکە، ئەوا هیچ تاوانێك ناخرێتە پاڵ ئەم ژنە.

١٣٥- ئەگەر پیاوێك لە شەڕدا دەستبەسەر بکرێت و لە خانووەکەشیدا بژێوی ژیان بوونی نەبێت (تا هاوسەرەکەی خۆی پێ بژێنێت) و هاوسەرەکەی بچێت بۆ ماڵی پیاوێکی دیکە و منداڵێکی لێببێت و دوابەدوای ئەوە، پیاوەکەی (ئازاد بکرێت و) بگەڕێتەوە و بێت بۆ خانووی ژنەکەی، ژنەکە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو پیاوە بەڵام منداڵەکە هی باوکەکەیەتی.

١٣٦- ئەگەر پیاوێك خانووەکەی بەجێبێڵێت و دەرچێت و دوای ئەوە ژنەکەی بچێتە خانووی پیاوێکی دیکە، ئەگەر پیاوەکە بگەڕێتەوە و بیهەوێت کە هاوسەرەکەی بگەڕێتەوە، چونکە بۆ خۆی خانووەکەی جێهێشتووە و دەرچووە، ئەوا هاوسەرەکەی نابێ بگەڕێتەوە بۆ خانووی ئەو پیاوە.

١٣٧- ئەگەر پیاوێك بیهەوێت لە ژنێك کە منداڵی لێی هەیە جیا بێتەوە یان لە هاوسەرەکەی کە منداڵی لێی هەیە جیا بێتەوە، دەبێت پێتەکییەکەی (جیاز) پێبداتەوە و هەروەها مافی کەڵکوەرگرتن لە بەشێك لە زەوی و باخ و سامانەکەی پێبدات تا بتوانێت منداڵەکانی پێ بەخێو بکات. کاتێك منداڵەکانی پێگەیشتن، پشکێك لە سامانی پیاوەکە دەدرێت بە منداڵەکانی و هەروەها پشکێکی هاوشێوەی پشکی کوڕێك دەدرێت بەو ژنە. ئەو ژنیشە دەتوانێت شو بکات بە هەر پیاوێك کە بە دڵیەتی.

١٣٨- ئەگەر پیاوێك بیهەوێت لە هاوسەرەکەی کە منداڵی لێی نیە جیا بێتەوە ئەوا دەبێت پارەی کرینەکەی (مارەییەکەی) پێبدات و پێتەکییەکەشی کە لە ماڵی باوکیتەوە خۆیدا هێناویەتی پێبداتەوە و بێڵێ کە ژنەکە بچێت.

١٣٩- ئەگەر ئەو ژنە مارەیی نەبێت ئەوا دەبێت یەك مینای زێڕی وەکو دیاری ئازادبونی پێبدات.

١٤٠- ئەگەر پیاوەکە، پیاوێکی ئازاد بێت ئەوا دەبێت یەك لەسەر سێی مینایەکی زێڕ بدات بە ژنەکە.

١٤١- ئەگەر ژنی پیاوێك کە هێشتا لە ماڵی شووەکەیدا دەژیت، بیهەوێت بەجێیبێلێت، بیخاتە ناو قەرز، ماڵی بشێوێت، خزمەتی شووەکەی نەکات و لە دادگادا ئەم شتەی بە سەردا بسەلمێت، ئەگەر هاوسەرەکەی پێشنیاری ئازادکردنی بدات، ئەوا ژنەکە دەچێتە ڕێی خۆی و پێویست ناکات کە ئەو ژنە هیچێك لە باتی

---

[1] - sustenance

ئازادبونی بدات بەڵام ئەگەر شووەکەی ئازادی نەکات ئەوا پیاوەکە دەتوانێت ژنێکی دیکە بهێنێت و هاوسەرەکەشی وەکو خزمەتکار لە خانووەکەیدا دەمێنێتەوە.

١٤٢- ئەگەر ژنێك لەگەڵ پیاوەکەیدا دەمقڕەی ببێت و پێی بڵێت کە "تۆ بە من ناخۆیت"[1]، دەبێت هۆکارەکانی بۆ ئەم قسەیە بنوێنێت (لە دادگادا). ئەگەر ژنەکە بێتاوان بێت و گوناهێکی نەبێت بەڵام ئەمە شووەکە بێت کە بەجێیبێڵێت و مەلابات نەدات بە ژنەکەی، ئەوا هیچ تاوانێك ناخرێتە پاڵ ئەو ژنە و دەبێ پێتەکییەکەی پێبدرێتەوە و بنێردرێتەوە بۆ خانووی باوکی.

١٤٣- ئەگەر ئەو ژنە بێتاوان نەبێت و لەو ژنانە بێت کە شووەکەی بەجێدێڵێت (دەرگێڵ بێت)، خانووی بشێوێنێت، گرنگی نەدا بە شووەکەی، ئەوا ئەم ژنە دەبێ بخرێتە ناو ئاو.

١٤٤- ئەگەر پیاوێك، ژنێك بگرێت بە هاوسەری خۆی و هاوسەرەکەی کڵفەتێك (خزمەتکارێکی ژن) بدات بە پیاوەکەی و لە پیاوەکەی منداڵی ببێت، بەڵام پیاوەکە بیهەوێت ژنێکی دیکە بهێنێت ئەوا ئیجازەی پێ-نادرێت و ناتوانێت ژنی دووەم بهێنێت.

١٤٥- ئەگەر پیاوێك ژنێك بە هاوسەری بگرێت بەڵام منداڵی لێی نەبێت و بیهەوێ ژنی دووەم بهێنێت، و بچێت (بە بێئاگاداری) دەستی بگرێت و بیهێنێتە خانووەکەیەوە، ئەوا ئەم ژنە دووەمە هاوشێوەی ژنی یەکەم چاوی لێناکرێت.

١٤٦- ئەگەر پیاوێك، ژنێك بگرێت بە هاوسەری خۆی و هاوسەرەکەی کڵفەتێك (خزمەتکارێکی ژن) وەکو هاوسەر بدات بە پیاوەکەی و ئەو کڵفەتە منداڵی لێ ببێت و ئەو کڵفەتە بە هۆی ئەوە کە لە پیاوەکە منداڵی هەیە، ئیدی خۆی هاوسانی هاوسەری پیاوەکە بزانێت و وای بۆ دابنێت کە ئیدی پیاوەکەی بە بۆنەی پارە نایفرۆشێت، ( ئەوا ئەم خولیایە، خولیایەکی هەڵەیە و) پیاوەکە دەبێ هەر وەکو دیل بیهێڵێتەوە و لە جەرگەی کڵفەتەکاندا بیداتە ئەژمار.

١٤٧- ئەگەر ئەو کڵفەتە منداڵی لە پیاوەکە نەبێت ئەوا خاتونەکەی دەتوانی بە پارە بیفرۆشێت.

١٤٨- ئەگەر پیاوێك ژنێك بخوازێت و ئەو ژنە توشی نەخۆشییەکی ئەستەم ببێتەوە و پیاوەکە بیهەوێت ژنێکیتر بێنێت ئەوا ڕێگای پێدەدرێت بەڵام بۆی نیە لە ژنە نەخۆشەکەی جیا بێتەوە و دەبێ لەو خانووەی کە خاسی کردووە بیهێڵێتەوە و تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە، یارمەتی بدات. (پشتیوانی لێبکات.)

١٤٩- ئەگەر ئەو ژنە نەیهەوێت لە خانووی شووەکەیدا بمێنێتەوە، ئەوا شووەکەی دەبێ ئەو پێتەکییە کە ژنەکە لە خانووی باوکیدا تەك خۆی هێناویەتی، قەرەبو کاتەوە و ژنەکە دەتوانێ بچێت.

[1] - You are not congenial to me

١٥٠- ئەگەر پیاوێك زەوی، باخ و خانوو بدات بە هاوسەرەكەی و بەڵگەی بۆ بكاتەوە، دوای مردنی شووەكەی و ئەگەر كوڕەكانی قسەیێكیان لە سەری نەبێت، دەتوانێت ئەو شتە بدات بە هەر كام لە كوڕەكانی كە خۆی پێی باشترە بەڵام بۆی نییە بیدات بە براكانی.

١٥١- ئەگەر ژنێك كە لە ماڵی شووەكەیدا دەژیت گرێبەستێك لەگەڵ شووەكەیدا بكات كە هیچ خاوەن قەرزێك بۆی نەبێت لە باتی قەرزەكەی، ئەو دەستبەسەر كات، ئەگەر ئەو پیاوە بەر لە خواستنی ئەو ژنە، قەرزێكی لە ئەستۆدا بێت، ئەوا خاوەن قەرزەكە بۆی نییە كە لە باتی ئەو قەرزە، ژنەكە دەستبەسەر كات و هەروەها ئەگەر ژنەكە پێش شووكردنی، قەرزێكی لە ئەستۆدا بێت ئەوا خاوەن قەرزەكە بۆی نیە لە باتی قەرزی ئەودا، شووەكەی دەستبەسەر كات.

١٥٢- ئەگەر هاتو قەرزەكە هی سەردەمانی دوای زەماوەنیان بێت ئەوا هەر دوكیان بەرپرسن لە دانەوەی قەرزەكە.

١٥٣- ئەگەر ژنێێك لە بەر پیاوێكیتر كە هاوژینیەتی (دۆستیەتی)، هاوسەرەكەی بكوژێت و هاوژینەكەشی ژنەكەی خۆی بكوژێت، ئەوا ئەو ژن و پیاوی بزمارئاژن دەكرێن.

١٥٤- ئەگەر پیاوێك تاوانی نزیكی لەگەڵ كچی خۆی بكات ئەوا ئەو پیاوە لە وڵاتی خۆی دور دەخرێتەوە.

١٥٥- ئەگەر پیاوێك كچێك لە كوڕەكەی مارە بكات و كوڕەكەی پێوەندی سێكسی تەك كچەكەدا ببێت بەڵام دوای ئەوە باوكەكە كچەكە بێحورمەت كات (دەستدرێژی پێ بكات) دەبێ دەستبەسەر بكرێت و هەوا بدرێتە ناو ئاو.

١٥٦- ئەگەر پیاوێك كچێك لە كوڕەكەی مارە بكات و كوڕەكەی هێشتا پێوەندی سێكسی تەك كچەكەدا نەبوبێت و دوای ئەوە باوكەكە، ئەو كچە بێحورمەت كات (دەستدرێژی پێ بكات)، ئەوا ئەو پیاوە دەبێ نیوە مینایەكی زێڕ بدات بەو كچە و هەروەها هەمو ئەو پێتەكییەی كە لە ماڵی باوكی هێناویەتی قەرەبو كاتەوە و كچەكەش بۆی هەیە شوویەك بە دڵی خۆی بكات.

١٥٧- ئەگەر كەسێك دوای مردنی باوكی تەك دایكی تاوانی نزیكی بكات ئەوا هەردوكیان دەبێ بسوتێنرێن.

١٥٨- ئەگەر كەسێك دوای مردنی باوكی لەگەڵ ژنە سەرەكییەكای باوكیدا كە منداڵی لێی هەیە نزیكی بكات ئەوا لە ماڵی باوكی وەدەر دەخرێت. (لە میراتی باوكی بێبەش دەكرێت.)

١٥٩- ئەگەر پیاوێك كە دیاری بردووە بۆ ماڵی خەزورەی و شیروای داوە، چاوی بە شوێن ژنێكی دیكەوە بێت و بە خەزورەی بڵێت كە "من كچەكەی تۆم ناوێ"، ئەوا خەزورەی هەمو ئەو دیاری و شتانە بۆ خۆی هەڵدەگرێت.

١٦٠- ئەگەر پیاوێك دیاری بردبێت بۆ ماڵی خەزورەی و شیروای دابێت، و دوای ئەوە خەزورەی پێی بڵێت كە "من كچی خۆم نادەم بە تۆ"، ئەواخەزورەی دەبێ هەمو ئەو شتانە كە ئەو پیاوە هێناویەتی، بێداتەوە پێی.

١٦١- ئەگەر پیاوێك دیاری بردبێت بۆ ماڵی خەزورەی و شیروای دابێت، و دوای ئەوە هەڤاڵەكەی بوختانی بۆ بكات و خزورەی پێی بڵێت: "تۆ ناتوانیت كچەكەی من مارە كەیت" ئەوا دەبێ ئەو شتانەی كە كوڕەكە هێناونی بۆ ماڵی خەزورەی و هێشتا ماوەن بگەڕێنێتەوە بۆی و كچەكەش بۆی نیە شو بە هەڤاڵی ئەو پیاوە بكات.

١٦٢- ئەگەر پیاوێك تەك ژنێكدا زەماوەن بكات و بەرهەمی ئەم زەماوەنەیان چەن كوڕێك (یان كوڕێك) بن، دوای ئەوە كە ژنەكە مرد، ئەگەر باوكی ژنەكە پێتەكی كچەكەی گەرەك نەبێت ئەوا ئەو پێتەكییە دەگاتە كوڕەكانی ئەو ژنە.

١٦٣- ئەگەر ژن و پیاوێك زەماوەن بكەن بەڵآم كوڕیان نەبێت و ژنەكە بمرێت، ئەگەر پیاوەكە شیروای دابێت بە بنەماڵەی خەزورانی و خەزورەی ئەو شیروایە پێبداتەوە ئەوا پیاوەكە ئیدی هیچ مافێكی لە سەر پێتەكی ژنەكەیدا نامێنێت و ئەو پێتەكییە هینی خەزورەیەتی.

١٦٤- ئەگەر خەزورەی، شیرواكە نەداتەوە بە زاوەكەی، ئەوە زاواكەی شیرواكە لە پێتەكییەكە هەڵدەگرێتەوە و هەر چێك زیادە مایەوە، دەیدات بە ماڵی خەزورەی.

١٦٥- ئەگەر پیاوێك زەوی، باخ یان خانوو (بە دیاری) بدات بە هەر كام لە كوڕەكانی كە خۆی پێی خۆشە و بەڵگەی بۆ بكاتەوە، ئەگەر دوایی باوكەكە بمرێت و براكان بیانهەوێت سامانەكە لە نێوان خۆیاندا بەش بكەن ئەوا ئەبێت سەرەتا دیاری باوكەكەیان بدەن بە براكەیان و ئەویش وەریگرێت و دوای ئەو هەر چێك مایەوە لە نێوان براكان بەش بكرێت.

١٦٦- ئەگەر پیاوێك ژنی هێنابێت بۆ هەمو كوڕەكانی بەڵام بە هۆی مردن نەتوانێت ژن بێنێت بۆ كوڕە بچوكەكەی، كاتێك كوڕەكانی بیانهەوێت میراتەكەی باوكیان بەش كەن، ئەوان ئەبێت سەرەتا شیروای ژنی برا بچوكەكەیان كە ژنی نیە بخەنە لا و ژنهێنانی ئەو دەستەبەر كەن (و دوای ئەوە هەرچی مایەوە لە نێوان خۆیاندا بەشی كەن.)

١٦٧- ئەگەر پیاوێك ژنێك بهێنێت و منداڵی لێبێتەوە و دوایی ژنەكەی بمرێت و دوبارە ژن بێنێتەوە و لەمیش منداڵی ببێت و دوای ئەوە پیاوەكە بمرێت، كوڕەكانی نابێت بە پێی دایكەكەیان، میراتەكەی باوكیان

بەش کەن. هەر دەستە سەرەتا پێتەکی دایکیان هەڵدەگرن و لە نێوان خۆیاندا بەشی دەکەن و هەرچێك مایەوە، میراتی باوکیانە و هەموویان پشکێکی یەکسان لە میراتی باوکیان دەبەن.

١٦٨- ئەگەر پیاوێك بیهەوێت کوڕەکەی لە ماڵ وەدەرنێت (لە میرات بێبەشی کات) و لە بەرامبەر دادوەردا رایبگەیێنێت؛ "من دەنیمەوی کوڕەکەم لە ماڵەکەم وەدەر نێم." دەبێ دادوەر لێپرسینەو لە سەر هۆکارەکانی ئەم بڕیارە بکات و ئەگەر دیتی کە کوڕەکە تاوانێکی ئەوەندە گەورەی نەکردووە کە شایەنی بێ-بەش کردنی لە میرات بێت، ئەوا باوك ناتوانێت بێبەشی کات.

١٦٩- ئەگەر کوڕەکە تاوانێکی گەورەی کردبێت کە شایەنی بێبەش کردنی لە میرات (پێوەندی بنەماڵەیی) بێت، باوك دەبێت جاری یەکەم بیبەخشێت بەڵام ئەگەر بۆ جاری دووەم تاوانە گەورەکە دوپات کاتەوە، باوك دەتوانی بێبەشی کات.

١٧٠- ئەگەر پیاوێك لە ژنەکەی کوڕانێکی ببن و لە کڵفەتەکەشی چەند کوڕی ببێت و لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بە کوڕەکانی کەڵفەتەکەی بڵێت: "کوڕەکانی من" و هاوڕادەی کوڕەکانی هاوسەرەکەی چاویان لێبکات و دوای ئەوە باوکەکە بمرێت هەر دو دەستە کوڕەکان دەبێت میراتی باوکیان بە یەکسانی بەش کەن. کوڕی هاوسەرەکەی لە هەڵبژاردنی پشکی خۆیاندا، ئەوبەرترن.

١٧١- بەڵام ئەگەر باوکەکە لە سەردەمە ژیانی خۆیدا بە کوڕەکانی کڵفەتەکەی نەڵێت: "کوڕەکانم" و دوای ئەوە باوکەکە بمرێت، کوڕەکانی کڵفەتەکە لە میراتی باوکیان نابنە هاوبەشی کوڕەکانی هاوسەرەکەی بەڵام دەبێ ئازادی کڵفەتەکە و کوڕەکانی دەستەبەر بکرێت. کوڕەکانی هاوسەرەکە بۆیان نیە کوڕەکانی کڵفەتەکە بە کۆیلە بگرن. هاوسەری پیاوەکە، پێتەکییەکەی بۆ خۆی دەبێت و ئەو دیارییەی کە شووەکەی پێی داوە و بەڵگەی بۆ کردووە، هەر بۆ خۆی دەبێت و دەتوانێت لە خانووی شووەکەیدا بمێنێتەوە و تا ئەو کاتەی زیندووە، کەڵکی لێوەربگرێت و نابێ ئەو خانووە بۆ پارە بفرۆشرێت و هەر چی کە لەو ژنە دەمێنێتەوە هی منداڵەکانیەتی.

١٧٢- ئەگەر شووەکەی هیچ دیارییەکی بۆ هاوسەرەکەی نەکردبێت، دەبێ قەرەبووی ژنەکە بکرێتەوە و بە ئەندازەی پشکی یەکێك لە منداڵەکان بدرێت بەو ژنە. ئەگەر کوڕەکان گوشار بخەنە سەر ئەو ژنە تا ناچاری کەن خانووی شووەکەی بەجێبێڵێت، دادوەر دەبێ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکات و ئەگەر کوڕەکان لە هەڵەدا بوون، نابێ ژنەکە لە ماڵەکەدا بکرێتە دەرەوە. ئەگەر ژنەکە خۆی بیهەوێت ماڵەکە بەجێبێڵێت، ئەوا دەبێت ئەو دیارییەی کە شووەکەی پێی داوە بۆ کوڕەکانی بەجێبێڵێت بەڵام پێتەکییەك کە لە ماڵی باوکی هێناویەتی بۆ خۆی دەبێت. دوای ئەوە دەتوانێ شو بکات بە کەسێك کە خۆی بە دڵی بێت.

١٧٣- ئەگەر ئەم ژنە لە شووە دووەمەکەی کوڕانێکی ببێت و دوای ئەوە بمرێت، هەر دو دەستە کوڕەکان دەبێ پێتەکییەکەی دایکیان لە نێوان خۆیاندا (بە پشکی یەکسان) بەش کەن.

١٧٤- ئەگەر لە شووی دووەمی منداڵی نەبێت، پێتەکییەکەی بۆ کوڕەکانی شووە بەرنگەکەی دەبێت.

١٧٥- ئەگەر کۆیلەیێکی حکومەت یان کۆیلەی کەسێکی ئازاد تەك ژنێکی ئازاددا زەماوەن بکات و منداڵی لێی ببێت، خاوەنی کۆیلەکە بۆی نیە منداڵەکانی ئەو ژنە ئازادە بە کۆیلە بکات.

١٧٦- بەڵام ئەگەر کۆیلەی دەوڵەت یان کۆیلەی پیاوی ئازاد تەك کچی پیاوێکی ئازاد زەماوەن بکات و لە ماڵی باوکیدا پێتەکی تەك خۆیدا بێنێت و هەردوکیان کەڵك لەو پێتەکییە وەربگرن و خانوو و کەلوپەل بنێن بە یەکەوە و دوای ئەوە کۆیلەکە بمرێت، ئەو ژنە دەبێت سەرەتا پێتەکییەکەی خۆی جیا کاتەوە و هەمو ئەو شتەی لەتەك شووەکەیدا بە دەستی هێناوە بکاتە دو بەشی یەکسانەوە. بەشێکی بۆ خاوەن کۆیلەکە و بەشێکی بۆ منداڵەکانی. ئەگەر ژنە ئازادەکە پیتەکی نەهێنابێت ئەوا دەبێ هەمو ئەو شتەی لەتەك شووەکەیدا بە دەستی هێناوە بکاتە دو بەشی یەکسانەوە. بەشێکی بۆ خاوەن کۆیلەکە و بەشێکی بۆ منداڵەکانی.

١٧٧- ئەگەر بێوەژنێك کە هێشتا منداڵەکانی پێنەگەیشتوون بیهەوێت دوبارە شو بکاتەوە، نابێ بە بێ ئاگاداری دادوەر ئەو کارە بکات. ئەگەر شووی کرد، دادوەر سامان و دۆخی خانووی شووە بەرنگەکەی تاوتوێ دەکات و دوای ئەوە دەیسپێرێت بە شووە دووەمینەکە و ژنەکە تا بەڕێوی ببەن و بەڵگەشیان لێ دەسێنێت. ئەوان دەبێ بە باشی خانووەکە ڕاگرن، منداڵەکان گەورە کەن و بۆیان نیە کەلوپەلی خانووەکە بفرۆشن. کەسێك کە کەلوپەلی منداڵانی پێنەگەیشتووی بێوەژنێك بکڕێت، پارەکەی بە فیرۆ دەچێت و کەلوپەلەکە دەدرێتەو بە خاوەنەکەی.

١٧٨- ئەگەر ژنێکی خۆبەخش یان لەشفرۆش کە باوکی پێتەکی تەکا ختووە و بەڵگەی لێسەندووە بەڵام لە بەڵگەکەدا نەنوسراوە کە دەتوانێت ئەو پێتەکییە بدات بە هەر کەس کە پێی خۆشە و بە ڕاشکاوانە نەوتراوە هەر دەستێوەردانێك پێی خۆش بێت تێیدا بکات، ئەگەر باوکەکە بمرێت، براکان دەبێ زەوی و باخەکە هەلبگرنەوە و گەنمەشانی و ڕۆن و شیر بە پێی پشکی ئەو ژنە بدەن پێی و پشتیوانی لێ بکەن. ئەگەر براکان بەشە گەنمەشانی و ڕۆن و شیر بە پێی پشکی خۆی نەدەن بە خۆیشکەکەیان، ئەوا دەتوانێت باخ و زەوییەکە بدات بە جوتیارێك کە پێی خۆش بێت. ئەو دەبێت تا ئەو کاتەی زیندووە لەو زەوی و باخەی باوکی پێی داوە کەڵك وەربگرێت بەڵام ناتوانێت ئەو زەوی و باخە بفرۆشێت یان بیدا بە کەسێکی دیکە. میراتەکەی (لەو باخ و زەوییە) هی براکانیەتی.

١٧٩- ئەگەر ژنێکی ئایینی یا لەشفرۆشێك دیارییەك لە باوکی وەربگرێت و بەڵگەیێك بکاتەوە کە تێیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژە کرابێت مافی ئەوەی هەیە هەر جۆرێك پێی خۆش بێت کەڵکی لێوەربگرێت و دەسەڵاتی تەواوی بەکارهێنانی ئەو دیارییە بدات بە کچەکەی و دوای ئەوە باوکی بمرێت ئەوا کچەکەی دەتوانێت ماڵەکەی بۆ هەر کەسێك بیهەوێت بەجێبێڵێت. براکانی ناتوانن هیچ قسەیێکیان سەبارەت بەم شتە هەبێت.

١٨٠- ئەگەر باوکێك دیارییەك بە کچەکەی بدات... چە کچەکەی لە تەمەنی شووکردندا بێت یان بێ ئەوەی کە لە تەمەنی شووکردندا بێت لەشفروشی بکات (لە پەرستگە) ... و دوای ئەوە باوکی بمرێت، کچەکە

مافی وەرگرتنی بەشە میراتی لە سامانی بەجێماوی باوکی هەیە و دەتوانێت تا ئەو کاتەی زیندووە لە خانووەکەی باوکیدا بمێنێتەوە. (بەڵام) ئەو بەشە میراتە دوای مردنی بۆ براکانی دەبێت.

١٨١- ئەگەر باوکێك کچەکەی وەکو کلْفەتی پەرستگە یان کچی پەرستگە (کچی پاك کە هێشتا پەردەی کچێنی ماوە و نابێت پێوەندی سێکسی هەبێت) بدات بە خوا و هیچ دیارییەکیشی بۆ نەکات و دوای ئەوە باوکی بمرێت، ئەوا ئەو کچە دەبێ یەك لە سەر سێی پشکی منداڵێك لە میراتی بەجێماوی باوکی وەربگرێت و تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە مافی دانیشتن لە خانووەکەی باوکی هەیە و دوای مردن بەشە میراتەکەی بۆ براکانی دەبێت.

١٨٢-ئەگەر باوکێك کچەکەی وەکو هاوسەر ببەخشێت بە ماردی خوای بابیلۆن و نە دیارییەکی بۆ بکات و نە بەڵگەیێکی (دەربارەی پێدانی شتێك) بۆ بکات و دوای ئەوە باوکەکە بمرێت ئەوا یەك لە سەر سێی پشکی هەر منداڵێك لە میراتی بەجێماوی باوکی لە براکانی دەگات بەو کچە بەڵام ماردوك (ژنی ماردی) بۆی هەیە سامانی خۆی بۆ هەر کەسێك کە خۆی پێی خۆش بێت، بەجێبێڵێت.

١٨٣- ئەگەر پیاوێك پێتەکی بنێرێت تەك کچەکەیدا کە هاوخەوەی کاتی پیاوێکە، (دوای ئەوە) بیدات بە شو و بەڵگەیشی بۆ بکاتەوە و دوای ئەوە باوکی بمرێت، هیچ پشکێکی لە میراتی بەجێماوی باوکی بەرناکەوێت.

١٨٤- ئەگەر پیاوێك پێتەکی نەدا بە کچەکەی کە وەکو هاوخەوەی کاتی پیاوێکە و نەیدا بە شو و دوای ئەوە باوکی بمرێت، براکانی دەبێت پێتەکییەك بە پێی دەوڵەمەندی باوکیان بدەن بە خوشکەکەیان و شوویەکی بۆ بدۆزنەوە.

١٨٥- ئەگەر پیاوێك منداڵێك بە منداڵی خۆی وەربگرێت و وەکو کوڕی خۆی ناوی لێبنێت و گەورەی بکات، کەس بۆی نیە ئەو منداڵە بباتەوە.

١٨٦- ئەگەر پیاوێك کوڕێك وەکو منداڵی خۆی وەربگرێت و دوای ئەم وەرگرتنە، کوڕەکە بە شوێن باوك و دایکی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێت، (ئەگەر دۆزینیەوە) ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی.

١٨٧- کەس بۆی نیە کوڕێك کە خزمەتکاری دیوان یان ژنی لەشفرۆش لە پەرستگە بە منداڵی وەریدەگرێت، وەریبگرێتەوە.

١٨٨- ئەگەر پیشەسازێك منداڵێك بە منداڵی وەربگرێت و پیشەکەی خۆی فێری بکات، کەس ناتوانێت ئەو منداڵەی لێوەربگرێتەوە.

١٨٩- ئەگەر پیشەکەی خۆی فێری منداڵەکە نەکات ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی خۆی.

١٩٠- ئەگەر ئەو پیاوەی لە منداڵەکەی وەرگرتووە، ئەو منداڵە لە ڕادەی منداڵەکانی خۆیدا دانەنێت ئەوا ئەو منداڵە بۆی هەیە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی خۆی.

١٩١- ئەگەر پیاوێك کوڕێك بە منداڵی وەربگرێت و ماڵوحاڵێك بنێت بە یەکەوە و و منداڵێ خۆشی بوێت و بیهەوێت کوڕە وەرگرتووەکەی بەدەر بنێت ئەو کوڕە بە سادەیی بەدەر نانرێت. باوکە سەرپەرشتیارەکە دەبێت یەك لە سەر سێی بەشی منداڵێکی پێبدات و دوای ئەوە کوڕەکە بچێت. پێویست ناکات باوکەکە زەوی و باخ و خانووی پێبدات.

١٩٢- ئەگەر کوڕێك کە لە لایەن خزمەتکارێکی دیوان یان ژنێکی لەشفرۆشی پەرستگە بە منداڵی وەرگیراوە بە باوك یان دایکە سەرپەرشتیارەکەی بڵێت: "ئێوە باوك یان دایکی من نیەن." زوانی دەبڕدرێت.

١٩٣- ئەگەر کوڕێکی وەرگیراو لە لایەن خزمەتکارێکی دیوان یان لەشفرۆشێکی پەرستگە دڵی بە خانووی باوکی خۆیەوە بێت و بچێت بۆ خانووی باوکی خۆی و باوك و دایکە سەرپەرشتیارەکەی خەمبار بکات، ئەوا چاوی دەردێنن.

١٩٤- ئەگەر پیاوێك منداڵەکەی بدات بە دایە و منداڵەکە لە لای دایەکەی بمرێت و دایەکە بەبێ-ئاگاداری باوك ودایکی ئەو منداڵە، (هاوکات) دایەگی منداڵێکی دیکەی کردبێت، دوای ئەوە ئەگەر باوك و دایکەکە لە دادگادا بیسەلمێنن کە ئەو دایە بەبێئاگاداری ئەوان هاوکات دایەگی منداڵێکی دیکەی کردووە، مەمکەکانی دەبڕدرێن.

١٩٥- ئەگەر کوڕێك لێدانی باوکی بکات، دەستەکانی دەبڕدرێن.

١٩٦- ئەگەر کەسێك چاوی کەسێکی دیکە دەربێنێت ئەوا لە باتیدا چاوی دەدێنن.

١٩٧- ئەگەر کەسێك پێشەی کەسێکی دیکە بشکێنێت، لە باتیدا پێشەی دەشکێنن.

١٩٨- ئەگەر کەسێك چاوی کۆیلەیێکی ئازادکراو دەربێنێت یان پێشەی بشکێنێت، دەبێت یەك مینای زێڕ لە جیاتیدا بدات.

١٩٩- ئەگەر چاوی کۆیلەی کەسێك دەربێنێت یان پێشەی بشکێنێت دەبێت نیوەی بایەخەکەی بدات بە خاوەنەکەی.

٢٠٠- ئەگەر کەسێك دیانی کەسێکی هاوڕادەی خۆی بشکێنێت، لە بەرامبەریدا دیانی دەشکێنن.

٢٠١- ئەگەر دیانی کۆیلەیێکی ئازادکراو بشکێنێت، دەبێت یەك لە سەر سێی مینایەکی تەڵا لەباتیدا بدات.

٢٠٢- ئەگەر کەسێك دەکاتە کەسێك کە لە باری کۆمەڵایەتی ڕادەیێکی سەرتری هەیە، دەبێ لە بەرچاوی خەڵکدا ٦٠ دانە قامچی گای لێبدرێت.

٢٠٣- ئەگەر پیاوێکی ئازادی زگماکی دەکاتە پیاوێکی دیکە کە ئەویش ئازادی زگماکییە یان کەسێکی هاوڕادەی خۆیەتی، ئەوا دەبێت یەك مینای زێری پێبدات.

٢٠٤- ئەگەر پیاوێکی ئازادکراو دەکاتە پیاوێکی ئازادکراوی دیکە، دەبێت شێکێلێك پارەی پێبدات.

٢٠٥- ئەگەر کۆیلەی پیاوێکی ئازادکراو دەکاتە پیاوێکی ئازادکراوی دیکە دەبێت گوێی ببڕن.

٢٠٦- ئەگەر لە کاتی دەمقاڵێ نێوان دو کەس، یەکێکیان دەکاتە ئەوی دیکە و خوێنی لێبێنێت، دوای ئەوە سوێند بخوات کە "من بە ئەنقەست لێمنەداوە" (ئەوا سزا نادرێت و تەنیا) دەبێ تێچووی دەرمان و پزشکەکەی بدات.

٢٠٧- ئەگەر پیاوەکە بە هۆی برینەکەیەوە بمرێت، ئەوا بریندارکەرەکە دەبێت هاوشێوەی سەرەوە سوێند بخوات و ئەگەر مردووەکە پیاوێکی ئازادی زگماکی بووبێت، بکوژەکە دەبێت نیوە مینایەك پارەی پێبدات.

٢٠٨- ئەگەر مردووەکە پیاوێکی ئازادکراو بێت ئەوا بکوژەکە دەبێت یەك لە سەر سێێ مینایەك بدات.

٢٠٩- ئەگەر کەسێك دەکاتە ژنێکی ئازادی زگماکی و بە هۆی ئەو لێدانەوە سکی لەبار بچێت (سکەکەی بخات) دەبێت ١٠ شێکێلی بۆ ئەو سکخستنە پێبدات.

٢١٠- ئەگەر ژنەکە بمرێت، دەبێت لە بەرامبەریدا کچی بکوژەکە، بکوژرێت.

٢١١- ئەگەر ژنێکی ئازاد بە هۆی لێدانەوە منداڵەکەی لەبار بچێت، دەبێ لە بەرامبەریدا ٥ شێکێل پارە بدات.

٢١٢- ئەگەر بە هۆی ئەو لێدانەوە ژنەکە بمرێت، دەبێت نیو مینا بدات.

٢١٣- ئەگەر کەسێك دەکاتە کڵفەتی پیاوێك و کڵفەتەکە منداڵەکەی لەبار بچێت، ئەوا دەبێت لەبەرامبەریدا ٢ شێکێل پارە بدات.

٢١٤- ئەگەر کڵفەتەکە بمرێت، دەبێت یەك لە سەر سێی مینایەك بدات.

٢١٥- ئەگەر پزیشك (بۆ دەرمانی برینداره‌که) قه‌ڵیشێكی گه‌وره (له جه‌سته‌ی بریندارەکو) چێبكات و به چاقۆ نه‌شته‌رگه‌ری بۆ بكات و ده‌رمانی بۆ بنێت یا ئه‌گه‌ر لكێكی[1] سه‌ری چاوی به نه‌شته‌رگه‌ری چاقۆ باز بكات و چاوی ڕزگار بكات ده‌بێت ١٠ شێكێل پاره‌ی پێ بدات.

٢١٦- ئه‌گه‌ر نه‌خۆشه‌كه پیاوێكی ئازادكراو بێت ئه‌وا پزیشكه‌كه ٥ شێكێل پاره‌ی به‌ر ئه‌كه‌وێت.

٢١٧- ئه‌گه‌ر بریندارەکه كۆیله‌ی كه‌سێكی دیكه بێت، خاوه‌نه‌كه‌ی ده‌بێت ٢ شێكێل بدات پزیشكه‌كه‌ی.

٢١٨- ئه‌گه‌ر پزیشكه‌كه قلێشێكی گه‌وره له ڕێگای نه‌شته‌رگه‌ری چاقۆ (له جه‌سته‌ی برینداره‌كه) چێبكات و ببێته هۆی مردنی نه‌خۆشه‌كه یان له ڕێگای نه‌شته‌رگه‌ری چاقۆوه لكێك (له سه‌ر چاوی) بكاته‌وه و ببێته هۆی كوێربونی، ده‌بێت ده‌سته‌كانی پزیشكه‌كه ببڕدرێن.

٢٩- ئه‌گه‌ر قه‌ڵیشێكی گه‌وره (له جه‌سته‌ی) كۆیله‌ی پیاوێكی ئازادكراو چێبكات و ببێته هۆی مردنی نه‌خۆشه‌كه ئه‌وا ده‌بێت كۆیله‌یێكی دیكه بۆ خاوه‌ن كۆیله‌كه بكرێت.

٢٢٠- ئه‌گه‌ر لكیێك له سه‌ر چاوی باز بكات و ببێته هۆی كوێربونی (ئه‌و كۆیله یان پیاوه ئازاد كراوه‌كه) ئه‌وا ده‌بێت نیوه‌ی بایه‌خه‌كه‌ی بدات به خاوه‌نه‌كه‌ی.

٢٢١- ئه‌گه‌ر پزشكێك پێشه‌ی شكاو یان به‌شێكی نه‌رمی جه‌سته‌ی كه‌سێك ده‌رمان بكات، ئه‌وا نه‌خۆشه‌كه ده‌بێت ٥ شێكێل پاره بدات به پزیشكه‌كه.

٢٢٢- ئه‌گه‌ر نه‌خۆشه‌كه، پیاوی ئازادكراو بێت ئه‌وا ده‌بێ سێ شێكێل بدات.

٢٢٣- ئه‌گه‌ر نه‌خۆشه‌كه كۆیله بووبێت ئه‌وا خاوه‌نه‌كه‌ی ده‌بێ ٢ شێكێل بدات به پزیشكه‌كه.

٢٢٤- ئه‌گه‌ر وه‌یتاڵێك نه‌شته‌رگه‌رییه‌كی گرنگ (قورس) له سه‌ر وڵاخ (كه‌ر) یان گا بكات و درمانی بدات، خاوه‌نه‌كه‌ی ده‌بێ یه‌ك له شه‌شی شێكێلێك بدات به وه‌یتاڵه‌كه.

٢٢٥- ئه‌گه‌ر نه‌شته‌رگه‌رییه‌كی قورس به سه‌ر وڵاخ یان گا بكات و ببێته هۆی تۆپینی، وه‌یتاڵه‌كه ده‌بێ چاره‌كێك له بایه‌خی ئاژه‌ڵه‌كه بداته خاوه‌نه‌كه‌ی.

٢٢٦- ئه‌گه‌ر جوانكارێك هێمای كۆیله‌تی كۆیله‌یێك كه هێشتا نه‌فرۆشراوه به بێئاگاداری خاوه‌نه‌كه‌ی بتاشێت، ده‌بێ ده‌سته‌كانی ئه‌م جوانكاره بتاشرێن. (هێمای كۆیله‌تی، جۆرێك له هێشتنه‌وه‌ی قژی سه‌ر بووه.)

[1] - tumor

٢٢٧- ئەگەر كەسێك جوانكارێك فریو بدات تا هێمای بۆفرۆش نەبون بدات لە كۆیلەك كە هێمای كۆیلەتی پێوەیە، ئەوا كابرای فریودەر بە مردن سزا دەدرێت و لە خانووی خۆیدا دەینێژن و كابرای جوانكاریش دەبێت سوێند بخوا كە: "من بە ئەنقەست هێمام نەكێشاوە" و بە بێگوناه دەردەكرێت.

٢٢٨- ئەگەر ئژیاروان (بیناساز)ێك خانوویەك بۆ كەسێك دروست بكات و تەواوی بكات ئەوا دەبێت بۆ هەر سارێك[1] دو شێكێل پارە بدات.

٢٢٩- ئەگەر نژیاروانێك خانوویەك بۆ كەسێك دروست بكات و بە باشی كارەكەی نەكات و خانووەكە بڕوخێت و خاوەنەكەی بكوژێت، دەبێ نژیاروانەكە سزای مردنی بە سەردا بسەپێت.

٢٣٠- ئەگەر بە هۆی ڕووخانی خانووەكە، كوڕی خاوەن ماڵەكە بمرێت لە بەرامبەریدا كوڕی نژیاروانەكە دەكوژرێت.

٢٣١- ئەگەر بە هۆی ڕووخانی خانووەكە، كۆیلەی خاوەن خانووەكە بمرێت، نژیاروانەكە دەبێت لە بەرامبەریدا كۆیلەیێك بدات بە خاوەن خانووەكە.

٢٣٢- ئەگەر بە هۆی ڕووخانی خانووەكە، كەلوپەلی خاوەن خانووەكە بشكێن ئەوا دەبێت قەرەبووی كاتەوە و بە هۆی ئەوە كە خانووەكەی ڕێكوپێك خاس نەكردووە و ڕووخاوە دەبێت بە كەرەستە و شتومەكی خۆی خانووەكە دروست كاتەوە.

٢٣٣- ئەگەر نژیاروانێك خانوویەك بۆ كەسێك خاس بكات و هێشتا كارەكە كۆتایی نەهاتبێت بەڵام دیار

٢٣٤- ئەگەر پاپۆرەسازێك پاپۆرییەكی شەست گوری بۆ كەسێك خاس بكات ئەوا دەبێت لە بەرامبەریدا دو شێكێل پارەی پێبدات.

٢٣٥- ئەگەر پاپۆرەسازێك بەلەمێك بۆ كەسێك خاس بكات بەڵام توندوتۆڵی نەكاتەوە و هەر لەو ساڵەدا ئاوی تێبچێت و زیانی لێبكەوێت، پاپۆرەسازەكە دەبێت لە لایەن خۆیەوە (بە پارەی خۆی) بەلەمەكە لە یەك جیاكاتەوە و بە توندی بیبەستێتەوە. ئەم بەلەمە توندكراوە دەبێ بدرێت بە خاوەن بەلەمەكە.

٢٣٦- ئەگەر كەسێك بەلەمێك بە كرێ بدات بە بەلەموانێك و بەلەموانەكە كەمتەرخەم بێت و بە هۆیەوە بەلەمەكە بشكێت یان بنیشێتە ناو هەرگ (قوڕ)، بەلەموانەكە دەبێت بەلەمێك بەجیاتی بدات بە خاوەن بەلەمەكە.

٢٣٧- ئەگەر كەسێك بەلەموانێك و بەلەمەكەی بە كرێ بگرێت و پڕی بكات لە گەنمەشانی، جلوبەرگ، ڕۆن و خورما یان هەر شتێكی دیكە، ئەگەر بەلەموانەكە كەمتەرخەم بێت و بەلەمەكە بشكێت و شتەكانی

---

[1] - sar

ناوی خراو ببن ئەوا دەبێ بەلەموانەکە ئەو بەلەمەی وا شکاوە و هەمو ئەو شتانەی خراو بوون قەرەبو کاتەوە.

٢٣٨- ئەگەر بەلەموانێك پاپۆرەی کەسێك بشکێنێت بەڵام دەربازی بکات ئەوا دەبێت نیوەی بایەخەکەی بدات بەخاوەنەکەی.

٢٣٩- ئەگەر کەسێك بەلەموانێ بە کری بگرێت ئەوا دەبێ شەش گور گەنمەشانی بۆ هەر ساڵێك پێ-بدات.

٢٤٠- ئەگەر بازرگانێك پاپۆرییێك پێچەوانەی پاپۆرییەکی گەشتیاری[1] بباتە رێوە و بەیەکتردا بدەن و پاپۆرییە گەشتیارییەکە بشکێت، خاوەن پاپۆرییە گەشتیارییەکە دەبێت لەبەردەم خودادا سوێند بخوات؛ خاوەن پاپۆرییە بازرگانییەکە کە پاپۆرییە گەشتیارییەکەی شکاندووە، دەبێت قەرەبووی خاوەن کەشتییەکە و هەرچی کە شکاوە بکاتەوە.

٢٤١- ئەگەر کەسێك گای کەسێك بۆ بێگاری ببات (بە بێ ئەوەی کە خاوەنەکەی بواری دابێ پێی)، ئەوا دەبێت سێیەکی مینایەك پارەی پێبدات.

٢٤٢- ئەگەر کەسێك گایەك بۆ یەك ساڵ بە کرێ بگرێت ئەگەر بۆ جوتکردن بێت دەبێ ٤ گور گەنمەشانی بدات بە خاوەنەکەی.

٢٤٣- ئەگەر بۆ جوت لە باو گەلەیێکدا بە کاری بێنێت دەبێت ٣ گور گەنمەشانی بدات بە خاوەنەکەی.

٢٤٤- ئەگەر کەسێك گا یان وڵاخی کەسێك بە کرێ بگرێت و شێرێك لە پێدەشتدا بیکوژێت، ئەم زیانە لە ئەستۆی خاوەنەکەیدایە.

٢٤٥- ئەگەر کەسێك گایەك بە کرێ بگرێت و بە هۆی هەڵسوکەوتی نادروست یا لێدان بیکوژت، کرێچییەکە دەبێ قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە، گا لەبەرامبەر گا.

٢٤٦- ئەگەر کەسێك گایەك بە کرێ بگرێت و پێی بشکێنێت یان ماسولکەی ملی ببرێت، دەبێ قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە، گا لەبەرامبەر گا.

٢٤٧- ئەگەر کەسێك گایەك بە کرێ بگرێت و چاوی دەربێنێت (کوێری بکات)، دەبێت نیوەی بایەخەکەی بدات بە خاوەنەکەی.

٢٤٨- ئەگەر کەسێك گایەك بە کرێ بگرێت و شاخی بشکێنێت یان کلك (قنیچکەی) ببرێت یان زیان بگەیێنێتە پۆزەی، ئەوا دەبێ چارەکی بایەخەکەی بدات بە خاوەنەکەی.

[1] - ferryboat

٢٤٩- ئەگەر کەسێك گایەك کرێ بکات و بە هۆی دەردی خواییەوە بتۆپێت، کابرای کرێچی دەبێت لە بەرامبەر خواوەندەوە سوێند بخوات و ئیدی بەبێگوناه دەردەچیت.

٢٥٠- کاتێك گایەك لە شەقامدا تێپەڕ دەبێت و کەسێك بۆقەی پێوە بنێت و بەم هۆیەوە بتۆپێت، ئەوا خاوەنەکەی ناتوانێت داوای قەرەبو لە کەسێك (کرێچییەکە) بکات.[١]

٢٥١- ئەگەر گایەك شێت بێت (شاخوەشێن بێت) و خاوەنەکەی لەم شتە ئاگادار کرابێتەوە و خاوەنەکەی شاخەکانی دانەپۆشێت یان نەیبەستێتەوە و ئەم گایە شاخ بوەشێنێت لە پیاوێك ئازادی زگماکی و بیکوژێت، خاوەنەکەی دەبێ نیوە مینایەك پارە بدات لە باتی گیانی ئەو پیاوە.

٢٥٢- ئەگەر کەسێك کۆیلەی کەسێکی دیکە بکوژێت دەبێ یەك سێی مینایەك بدات بە خاوەنەکەی.

٢٥٣- ئەگەر کەسێك تەك کەسێکی دیکەدا ڕێك بکەوێت تا چاودێری زەوییەکەی بکات، دانی پێبدات، هێشی گاجوتی پێبدات و ئەرکداری کات بەوەی کە زەوییەکە بکێڵێت، ئەگەر ئەو کابرایە گەنمەشانی یان گیاکان بدزێت و هەڵیان بگرێت بۆ خۆی، دەبێ دەستەکانی ببڕدرێن.

٢٥٤- ئەگەر ئەو کابرایە دانە گەنمەشانییەکە هەڵبگرێت بۆ خۆی و لە هێشی گاجوتەکان کەڵك وەرنەگرێت، ئەوا دەبێ قەرەبووی ئەو دانە گەنمانە بکاتەوە.

٢٥٥- ئەگەر کەسێك هێشی گاجوتەکان بە کرێ بدات یا دانەگەنمەشانییەکان بدزێت و هیچ شتێك لە زەوییەکەدا نەکێڵێت، ئەوا دەبێ مەحکوم بکرێت و لەباتی هەر سەد گەن دەبێ شەست گور گەنمەشانی بدات.

٢٥٦- ئەگەر بنەماڵەکەی بە جیاتی ئەو کابرایە قەرەبووی زیانەکە نەکەنەوە، ئەوا ئەو پیاوە بە ئاژەڵەکان لە سەر زەوییەکە ڕادەکێشرێت.

٢٥٧- ئەگەر کەسێك وەرزێرێك بە کرێ بگرێت ئەوا دەبێ هەشت گور گەنمەشانیی بۆ هەر ساڵێك بدات بەو کەسە.

٢٥٨- ئەگەر کەسێك جوتیارێك بە کرێ بگرێت دەبێ شەش گور گەنمەشانیی بۆ هەر ساڵێك پێبدات.

٢٥٩-ئەگەر کەسێك ئاشی کەسێك لە زەوییەك بدزێت، ئەوا دەبێ پێنج شێکێل بدات بە خاوەنەکەی.

٢٦٠- ئەگەر کەسێك ئاوڕاکێش[١] یان گائاسنێك بدزێت، دەبێ سێ شێکێل پارە بدات (بە خاوەنەکەی).

---

[١] - لە وەرگێرانێکی دیکەدا هاتووە کە کاتێك گایەك لە شەقامدا تێپەڕ دەبێت و شاخ بوەشێنێت لە کەسێك و بیکوژێت ئەوا هیچ بەرپرسیارەتییەك ناخرێتە ئەستۆی کابرای کرێچی.

٢٧٠- ئەگەر کەسێك شوانەیێك بە کرێ بگرێت بۆ گاگەل یان مەڕگەل، دەبێ هەشت گور گەنمەشانیی بۆ هەر ساڵێك بدات پێی.

٢٦٢- ئەگەر کەسێك مانگا یان مێیەك ....... (پاك بووەتەوە)

٢٦٣- ئەگەر کەسێك گاگەل یان مەڕگەلێك کە پێی سپێردراوە بکوژێت، دەبێ قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە، گاگەل لە بەرامبەر گاگەل و مەڕ لەبەرامبەر مەڕ.

٢٦٤- ئەگەر شوانێك کە چاودێری گاگەل و مەڕگەلی پێسپێردراوە و کارانەی بە تەواوی وەرگرتووە و ڕازی بووە، ژمارەیێك گاگەل یان مەڕگەڵ ون بکات یان ڕێژەی زاوزێیان کەم کاتەوە بە پێی مەرجەکانی گرێبەستەکە دەبێت قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە.

٢٦٥- ئەگەر شوانێك کە چاودێری گاگەل و مێگەلی پێسپێردراوە، بە سەریدا بسەلمێت کە گزی کردووە و زیادبوونە سروشتییەکەی گۆڕاوە و بۆ پارە فرۆشتونی دەبێ مەحکوم بکرێت و دە قاتی بدات بە خاوەنەکە.

٢٦٦- ئەگەر ئاژەڵەکە لە ناو گەوڕا بە هۆی دەردی خواییەوە (یان بە هۆی ڕووداوێکەوە) بتۆپێ یان شێرێك بیکوژێت، شوانە دەبێ بێگوناهی خۆی لە بەرامبەر خواوەندەوە بسەلمێنێت و زیانی ناو گەوڕەکە دەخرێتە ئەستۆی خاوەنەکە.

٢٦٧- ئەگەر شوانەیێك چاودێری شتێك بکات (هۆشی بە شوێنێکی دیکەدا بێت) و لە ناو گەوڕدا شتێك ڕووبدات و ئەو ڕووداوە بە هۆی هەڵەی شوانەکە بێت، ئەوا شوانەکە دەبێت قەرەبووی خاوەن گاگەل یان مێگەلەکە بکاتەوە.

٢٦٨- ئەگەر کەسێك گایەك بۆخەرمان کوتان بە کرێ بگرێت، کرێکەی دوازدە کا گەنمەشانییە.

٢٦٩- ئەگەر کەسێك وڵاخێك بۆ خەرمان کوتان بە کرێ بگرێت، کرێکەی دوازدە کا گەنمەشانییە.

٢٧٠- ئەگەر کەسێك ئاژەڵێکی جوان بۆ خەرمان کوتان بە کرێ بگرێت، کرێکەی دە کا گەنمەشانییە.

٢٧١- ئەگەر کەسێك گا، گاڕی[1] و لێخوڕی گاڕییەکە بە کرێ بگرێت دەبێت ١٨٠ کا گەنمەشانی بۆ هەر ڕۆژێك کرێ بدات.

٢٧٢- ئەگەر کەسێك تەنیا گاڕی بە کرێ بگرێت دەبێ ٤٠ کا گەنمەشانی بۆ هەر ڕۆژێك کرێ بدات.

---

[1] - shadduf (used to draw water from the river or canal)
[2] - cart

٢٧٣- ئەگەر کەسێك کرێکاری ڕۆژی بە کرێ بگرێت، دەبێ لە دەسپێکی ساڵی نوێوە تا مانگی پێنجەم بۆ هەر ڕۆژێك شەش گێرهاس[1] پارەی پێبدات و لە مانگی شەشەمەوە تا کۆتایی ساڵ ڕۆژانە پێنج گێرهاسی پێدەدات.

٢٧٤- ئەگەر پیشەگەرێکی کارزان بە کرێ بگرێت وەکو کارانە دەبێ بۆ ...... پێنج گێرهاسی پێبدرێت.

بۆ گۆزەکەر پێنج گێرهاس

بۆ پینەکەر پێنج گێرهاس

بۆ ......... ..... گێرهاس

بۆ گورێسچن چوار گێرهاس

بۆ .......... گێرهاس

بۆ بەردتاش .... گێرهاس

بۆ هەر ڕۆژێك.

(ئەو شوێنەی خاڵ دانراوە پاك بووەتەوە.)

٢٧٥- ئەگەر کەسێك بەلەمێکی گەشتیاری بە کرێ بگرێت دەبێ ٣ گێرهاس پارە بۆ هەر ڕۆژێك بدات.

٢٧٦- ئەگەر بەلەمێکی بارهەڵگر[2] بە کرێ بگرێت دەبێ دو و نیو گێرهاس بۆ هەر ڕۆژێك بدات.

٢٧٧- ئەگەر کەسێك پاپۆڕێکی شەست گوری بە کرێ بگرێت دەبێ یەك شەشی شێکێلێك بۆ هەر ڕۆژ کرێ بدات.

٢٧٨- ئەگەر کەسێك کۆیلەیێکی ژن یان پیاو بکڕێت و پێش تێپەڕبونی مانگێك نەخۆشی ئازارەکەی (فێداری) هەو بکات ئەوا دەبێ کۆیلەکە بگەڕێنێتەوە بۆ فرۆشیارەکە و پارەکەی وەربگرێتەوە.

٢٧٩- ئەگەر کەسێك کۆیلەیێکی پیاو یان ژن بکڕێت و کەسی سێیەم داواکاری لەبارەیەوە هەبێت ئەوا فرۆشیارەکە لەبەرامبەر کەسە سێیەمەکەدا بەرپرسیارە.

---

[1] - gerahs
[2] - freight-boat

٢٨٠- ئەگەر كەسێك لە دەرەوەی وڵات كۆیلەیێكی ژن یان پیاو بكڕێت كە ئەو كۆیلەیە هی كەسێكی هاووڵاتییەتی و دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ وڵات، خاوەنەكە پیاو یان ژنە كۆیلەكەی بناسێتەوە، ئەگەر ئەو كۆیلەیە خۆمانە[1]ی وڵات بێت، ئەوا كڕیارەكە دەبێت كۆیلەكە بە بێ وەرگرتنی پارە بداتەوە.

٢٨١- ئەگەر كۆیلەكان خەڵكی وڵاتێكی دیكە بن، كڕیارەكە دەبێ ئەو پارەیە كە بۆ كڕینیان داویەتی بڵێت و كۆیلەكان لای خۆی بیڵێتەوە.

٢٨٢- ئەگەر كۆیلەیێك بە گەورەكەی بڵێت: "تۆ گەورەی من نیت"، ئەگەر بە سەریدا سەلمێنرا ئەوا گەورەكەی دەبێ گوێچكەی ببڕدرێت.

[1] - native

***وتەی کۆتایی:***[1]

ئەمە ئەو یاسا دادپەروەرانەیە کە حەمورابی، پاشای زانا دایناون و یاسایێکی ڕێکوپێك و ئایینی لە ناو زەویدا پەرە پێداوە. من حەمورابی پاشای پشتیوانم. من پشتم لەو خەڵکەی کە "بێل"ی خواوەند بە منی داون نەکردووە و فەرمانم کردووە بە سەر ئەو خەڵکەی "مەردوك" بە منی سپاردوون و لە ئاست ئەواندا کەمتەرخەم نەبووم و وڵاتێکی سەقامگیر و پڕ ئاشتەواییم چێ کرد.

من هەموو گرفتەکانم ئاسان کرد و خۆرەتاوم بە سەریاندا ڕووناك کرد. بەو چەکە بەهێزانەی کە "زامما" و "ئیشتار" پێیان داوم، بە زانایيەك کە ئێئا بە دیاری داویە پێم، بە ژیرییەك کە "مەردوك" پێی داوم، ڕیشکی دژمنانم لە سەر و خوارەوەی وڵات هەڵکەند، هەمو زەویم بردە ژێر فەرمانی خۆم، وڵاتم بوژاندەوە، ئاسایشی هاووڵاتییانم لە خانووەکانیاندا دەستەبەر کرد و ئاژاوەگێر هیچ ڕێگایەکی (بۆ خۆنواندن) پێنەدرا.

خواوەندە گەورەکان بانگیان کردم، من شوانێکی بوژێنەرم، ئەوەی وا پێگەکەی ڕاستە، سێبەرێکی چاك کە بە سەر شارەکەمدا کێشراوە، لە باوەشمدا ڕێزی هاووڵاتییانی "سومەر" و "ئەککەد"م گرت، لە پەناگەی مندا بە ئارامی دەژین، لە سێبەری ژێری قوڵی خۆم، کۆم کردنەوە. (لەم وڵاتەی کە من دامەزراندووە) دەسەڵاتدار ناتوانێت زیان بە بێدەسەڵات بگەیێنێت، بە مەبەستی پشتیوانی لە بێوەژنان و هەتیوان، نیشاندانی دادوەری لە سەر زەوی، چارەسەرکردنی کێشەکان (دۆسیەکان)، دەرمانی بریندارارن، لە بابیلۆن ئەو شارەی "ئانو" و "بێل" سەریان بەرز کردەوە، لە پەرستگەی "ئێ-ساگیل" کە بنەڕەتەکەی لە بنەڕەتی بەهەشت و زەوی بەهێزترە، ئەم وتە ڕوونانەی خۆمە لە سەر بەردە بیرهێنەرەکەم و لە بەردەم پەیکەرەکەی خۆم وەکو پاشایەکی چاکەکار نوسیو و هەڵمواسی.

من ئەو پاشایەم کە زاڵم بە سەر دیکەی پاشاکاندا. قسەکانی من وەك گەوهەرن، هیچ کەس وەك من ژێر نیە. بە فەرمانی "شەمەش"، گەورەترین دادوەری بەهەشت و زەوی، ڕێگا درا بە چاکەکاری کە لە وڵاتدا بەرەو پێش بچێت، بە فەرمانی "مەردوك"، گەورەی من، هیچ دەستێوەردانێك لە پەیکەرە (مۆنۆمێنتی) مندا ناکرێت، لە "ئێ-ساگیل" کە من ئەوینداریمی، ناوی من هەردەم دوپات دەبێتەوە. کەسی دڵگران، ئەوەی وا دۆسیەیەکی هەیە دێتە بەرامبەری وێنەکەی من وەکو پاشای چاکەکار، ڕێگای پێدەدرێت نوسراوەکەی من بخوێنێتەوە و لە وتە ڕوونەکانی من تێبگات، نوسراوەکە حوکمی دۆسیەکەی پێ نیشان دەدات، ئەو کەسە ڕاستییەکە دەدۆزێتەوە و دڵی شاد دەبێت، و دەڵێت:

"حەمورابی یاسادانەرە، وەکو باوکی هاووڵاتییانە، ڕێز لە وتەکانی مەردوك دەگرێت، ئەوەی وا سەرکەوتنی بە سەر باکور و باشوردا بۆ مەردوك بەدەستهێناوە، ئەوەی وا دڵی گەورەکەی مەردوکی زۆر خۆش کرد، شادی هەتاهەتایی دا بە هاووڵاتییانی و مرێسی لە وڵات دانا"

[1] - THE EPILOGUE

کاتێك ئەو کەسە ئەو نوسراوانە دەخوێنێتەوە بهێڵن با بە دڵێکی قورسەوە نوێژ بۆ گەورەی من "مەردوك" و خاتونی من "زارپانیت" بخوێنێت و دوای ئەوە پارێزەرانی نادیار و خواوەندەکان، ئەوانەی کە زیارەتی ئێ-ساگیل دەکەن، بە دڵشادییەوە لە بەرامبەر گەورەی من "مەردوك" و خاتونی من "زاپانیت"، بە چاکە یادم دەکەن.

لە داهاتوودا، هەمو نەوەیێك کە دێت، ڕێگا دەدەن بە پاشاکەیان کە وتەکانی من سەبارەت بە چاکەکاری کە من لە سەر کۆڵەکەیێکدا نوسیومن بپارێزێت، ڕێگا نادەن پاشاکەیان ئەم فەرمان و بڕیارانەی کە من دەرمکردوون بیانگۆڕێت و ناهێڵن مۆنۆمێنتی من بشێوێنێت. ئەگەر ئەو جۆرە فەرمانڕەوا ژێر بێت و بتوانێت بە ڕێکوپێکی وڵاتەکەی بەڕێوە بەرێت، دەبێت ئەو وتانەی کە من نوسیومن بپارێزێت، ڕێسا، پەسەندکراو و یاساگەلێك کە لە وڵاتدا دامناون بپارێزێت. ئەو بڕیارانەی کە ئەم نوسراوە نیشانی دەدەن بیپارێزێت، نەوەکانی داهاتوو دەبێ ڕێگا بدەن بە پاشاکەیان تا بە پێی ئەمە فەرمان بکات بە سەر خەڵکەکەیدا، دادپەروەرانە قسەیان لەگەڵدا بکات، لادەران و تاوانباران لە وڵاتدا ڕیشەکێش کات و بۆ هاووڵاتییانی تەبایی بێنێت.

من حەمورابیم، پاشای چاکەکاری و ئەوەی وا شەمەش، ڕاستی بە دیاری پێداوە. وتەکانی من گەوهەرن. کارەکانی من بێوێنەن؛ لە هێنانە خوارەوەی ئەوانەی وا پایەبەرز بون، لە سەرشۆڕ کردنی ئەوانەی وا لەخۆبایی بون، لە دورخستنەوەی بێڕێزەکان. ئەگەر دەسەڵاتدارانی داهاتوو وتەکانی من لە سەر ئەم کۆڵەکەدا نوسراون لە بەرچاو بگرن، ئەگەر یاساکەی من هەڵنەشێوێنێتەوە، وتەکانی من تێکنەدات، مۆنۆمێنتەکەی من نەگۆڕێت، ئەوا سەردەمی دەسەڵاتی وەکو هینی من درێژ دەکات و لە سەر خەڵکەکەی بە چاکە فەرمان دەکات.

ئەگەر ئەو یاسادانەرە، وتەکانی من کە لەم کۆڵەکەدا نوسراون بە هەند وەرنەگرێت و نەفرینەکانی من بە بچوك بزانێت و لە نەفرین خوا نەترسێت، ئەگەر یاساکەی من بڕووخێنێت، وتەکانی من تێکدات، پەیکەرەکەی من بگۆڕێت، ناوی من بسڕێتەوە و ناوی خۆی لە جێگایدا بنووسێت یان لە ترسی نەفرینەکانم، کەسێکی دیکە هەڵنێت ئەو کارانە بکات، پاشا بێت یان یاسادانەر، پیاوی ئایینی بێت یان کەسی ئاسایی، گرنگ نیە کێ بێت، خوای گەورە "ئانو" کە باوکی خواکانە، ئەوەی وا ڕێساکەی منی ڕێکخست، شکۆی دەسەڵاتەکەی لەناو دەبات، ئالاکەی ئەشکێنێت و چارەنوسی ڕەش دەکات.

ڕەنگە "بێل" ئەو گەورەیەی وا چارەنوس دیاری دەکات، ئەوەی وا فەرمانەکانی ناگۆڕدرێن، ئەوەی وا دەسەڵاتی منی شکۆمەند کرد، شۆڕشگێرانێکی لێڕاست دەکاتەوە کە کۆنترۆڵ نەکرێن یان زریانێکی بۆ بنێرێت کە خانووەکەی تێکبدات، ساڵانی دەسەڵاتی بکاتە ساڵانی ناهومێدی، بێدەرەتانی، وشکەساڵی، تاریکی، مردن و چارەڕەشی، بێل ڕەنگە لە ڕێگای دەمی بەهێزیەوە شار وێران بکات، خەڵکەکەی بڵاوپژگ بکات، کۆتایی بە دەسەڵاتی بهێنێت، ناو و نیشانی لە ڕووی زەوی لە ناو ببات،

ڕەنگە "بێلیت"، دایکی گەورە، ئەوەی وا لە پەرستگەی "ئی-کور" قسەی بەهێزە، ئەو خاتوونەی کە لە ڕووی گەورەییەوە، لە کورسی دادوەری و بڕیاردەر، گوێ لە سکاڵاکانی من دەگرێت، کارەکانی لە بەرچاوی بێل ڕەش بکات، وێرانی بەخاتە ناو وڵاتی، هاووڵاتییانی لە ناو بەبات و ژیانی وەکو ئاو بڕژێنێتە ناو دەمی "بێل".

ڕەنگە "ئێئا"، یاسادانەری گەورە، ئەوەی وا فەرمانە دیاریکراوەکانی جێبەجێ دەبن (و هیچ فەرمانێگ بەرگەی فەرمانەکانی ئەو ناگرێت)، فەرزانەی ناو خواکان، زانای بێکۆتایی، ئەوەی وا ڕۆژەکانی ژیان درێژ دەکاتەوە، ئەو پاشایە لە تێگەیشتن و ژیری بێبەش کات، توشی خەرەفیانی بکات، ڕووبارەکانی لە سەرچاوەوە وشك بکات و نەهێڵێت گەنمەشانی و دانەوێڵە بۆ خەڵك لە وڵاتەکەیدا بەرهەم بێت.

ڕەنگە "شەمەش"، دادوەری گەورەی بەهەشت و زەوی، ئەوەی وا پشتیوانی لە ئامێرەکانی ژیان دەکات، سەرووەری هاندەری ژیان، ئاقارەکەی وێران بکات، یاسای هەڵوەشێنێتەوە، ڕێگای بشێوێنێت، هێزە چەکدارەکەی لە کار بخات، نیشانەی غەیبی بۆ بنێرێت کە بنچینەی تەخت و تاجی لە ناو دەچێت و وڵاتی وێران دەبێت، ڕەنگە لۆمەی "شەمەش" زو توشی گرفتی بکات و لە ناو زیندووەکاندا نەیهێڵێتەوە و ڕووحی لە زەوی هەڵکێشێت.

ڕەنگە سین (خواوەندی مانگ)، گەورەی بەهەشت، خوای زانا بە نادیارەکان (غەیب‌بێژ)، ئەوەی وا وەك مانگی نوێ لە نێو خواکاندا دەدرەوشێتەوە، تەخت و تاجی پاشایەتییەکەی بڕووخێنێت، تووشی (ئێش و ئازاری) تاوانێکی گەورەی بکات، توشی دەرمانێکی گەورە، هێنانەخوارەوە تا بچووکترین و بێرێزترین ڕادەی بکات. ڕەنگە هەمو ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی پڕ بکات لە ئاه و گریان، باری کێشە و گرفتەکانی وڵاتەکەی فراوان بکات و ژیانێکی پێبدات کە هەر وەکو مردن بێت. (هەر ڕۆژ ئاواتەخوازی مردن بێت.)

ڕەنگە "ئاداد" خواوەندی فراوانی، یاسادانەری بەهەشت و زەوی، یارمەتیدەری من، لە باران بێبەشی کات، و کانییەکان وشك کات، وڵاتەکەی لە ڕێگای وشکەساڵی و نەداری وێران بکات، بە سەختی خەزەب بگرێت لە شارەکەی، وڵاتەکەی بکاتە وێرانەی لافاولێدراو.

ڕەنگە "زاماما"، شەرڤانی گەورە، یەکەم کوڕی "ئی-کور"، کە لە دەستی ڕاستی منەوە دێت، لە گۆڕەپانی شەڕدا، چەکەکانی ورد و خاش بکات، ڕۆژگاری ڕوناکی لێ تاریك بکات و دژمن سەربخات بە سەریدا.

ڕەنگە "ئیشتار"، خواوەندی شەڕ و پێکدادان، ئەوەی وا چەکەکانمان ئامادەی شەڕ دەکات، پشتیوانی مێهرەبانی ڕۆحی من، ئەوەی وا ئەویندای وڵاتی منە، بە دڵێکی توڕەوە پاشانشینەکەی نەفرین بکات، بە خەزەبێکی زۆرەوە شایی و خۆشی بگۆڕێت بۆ ئاژاوە و لە کاتی شەڕ و پێکداداندا چەکەکانی ورد و خاش بکات، ڕەنگە کە ئاژاوە و شۆڕشی بۆ بنێتەوە، شەڕکەرەکانی بدات بە زەوییدا زەوی خوێنیان بمژێت، ڕزە

لاشەی شەڕکەرەکانی لە گۆڕەپاندا بخات، لێی نەبورێت، بیدات بە دەستی دژمنانیەوە و بە دیلی بینێرێتە وڵاتی دوژمنان.

ڕەنگە "نێگراڵ"، بەهێزی ناو خواکان، ئەوەی وا کەس لەبەرامبەریدا بەرگە ناگرێت، ئەوەی وا منی سەرخست، بە هێزێکی زۆرەوە وەکو ئاگری ناو دارستان (نەیجاڕ) دانیشتووانی وڵاتەکەی بسوتێنێت، وەکو پەیکەرەییێکی قوڕین ورد و خاشی بکات.

ڕەنگە "نین-تو" خاتوونی پایەبەرزی وڵاتان، دایکی فراوانی، نەهێڵێت کوڕی بوێت (ئوجاخ کوێری بکات)، ناوی لە ناوگە نەهێڵێت و بنەماڵەی و نەوەی بنەبڕ کات.

ڕەنگە "نین-کاراك" کچی "ئانو"، ئەوەی وا لە پەرەستگەی "ئیکور"دا بە مێهرەبانی داوەری من دەکات (یادی من دەکاتەوە)، ئەندامەکانی جەستەی توشی ئێش و ژانی فراوان و برینە قوڵەکان بکات، ناهێڵێت دەرمان ببێت و هیچ پزیشکێك هۆکاری دەردەکەی تێبگات و بە هیچ مەڵهەمێك دەرمانی نەکرێت، وەکو چزی مردن ناتوانرێت لە جەستەی بهێنرێتە دەرەوە تا ئەو کاتەی بە کەساسی دەمرێت،

ڕەنگە بە هۆی لە دەستدانی هێزی ژیانی تا کۆتایی هەر ناڵە و گریانی بێت، و خواوەندە گەورەکان و ئەنجومەنی "ئانوناکی"، تەنانەت دیوارەکانی پەرستگەی "ئی-بارا" (خۆری پەرستگەی "سیپارا") نەفرین و ئاژاوە بخەنە سەر ئاقارەکەی، وڵاتەکەی، شەرڤانەکانی، هاووڵاتییەکانی و ئەرتشەکەی.

ڕەنگە "بێل" بە سەختترین نەفرین، نەفرینی لێ بکات و ئەو نەفرینی نەگۆڕدرێت و زو کاری تێبکات.

# Code of Hammurabi

"www.mafname.com"

Mafname